# ڕۆڵی سیستەمی پەروەردە لە دروستکردنی شوناسی نیشتمانی کوردستانی لە هەرێمی کوردستان - عێراق لە دوای ٢٠٠٣(*)

ئاڤان عارف عزیز
بەشی سیستەمە سیاسییەکان و سیاسەتی گشتی، کۆلێژی زانستە سیاسیەکان، زانکۆی سەڵاحەدین- هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق.
avan.azeez@su.edu.krd
پ. ی. د. ئەمین فەرج شەریف
بەشی سیستەمە سیاسییەکان و سیاسەتی گشتی، کۆلێژی زانستە سیاسیەکان، زانکۆی سەڵاحەدین- هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق.
amin.sharif@su.edu.krd

| | | |
|---|---|---|
| ID No. 4530 | Received: 29/06/2024 | کلیلە وشەکان |
| (PP 365 - 388) | Accepted: 06/08/2025 | پەروەردە، سیستمی پەروەردە، شوناس، شوناسی نیشتمانی، هەرێمی کوردستان |
| https://doi.org/10.21271/zjlp.23.40.14 | Published: 16/11/2025 | |

## پوختە

پەروەردە پرسێکی گرنگە ڕۆڵی لە بونیادنانی تاکێکی وشیار و خاوەن بیروباوەڕ هەیە. سیستەمی سیاسی لە هەر وڵاتێک لە ڕێگەی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی و سیاسی ئەو فەلسەفەی کە ئامانجیەتی لە ڕێگەی چەند ڕێگای جۆراوجۆر دەیگەیەنێت کە دیارترین ڕێگەش پەروەردەیە. سیستەمی پەروەردە تەنها گواستنەوەی زانست و زانیاری نییە بۆ قوتابییان، بەڵکو بەشدارە لە دروستکردنی کەسایەتی مرۆڤەکان و ئاشناکردنیان بە بەهاکان و هەستی نیشتمانپەروەری و هاوڵاتیبوون. ئەم توێژینەوەیە هەوڵ دەدات پەیوەندی نێوان پەروەردە لەگەڵ شوناسی نیشتمانی لە هەرێمی کوردستان بخاتە ڕوو، چونکە پەروەردە دیارترین ئامرازی پێگەیاندنی سیاسییە کە بەشدارە لە دروستکردنی شوناسی نیشتمانی، هەروەها بە یەکێک لە ڕێگاکانی بونیادنانی نەتەوە ( Nation building) دادەندرێت لە ڕێگەی دروستکردنی شوناسی هاوبەش و ئامانج و بەهای هاوبەش. ڕەگەزەکانی پەروەردە کە بریتیین لە پرۆگرامەکانی خوێندن، ژینگەی خوێندن، مامۆستا و قوتابی کاریگەریان لەسەر دروستکردنی شوناسی نیشتمانی هەیە. ئەم توێژینەوەیە هەوڵ دەدات وەڵامی پرسیارەکانی پەیوەندی نێوان سیستەمی پەرورده و شوناسی نیشتمانی بداتەوە. توێژینەوەکە پشتی بەستووە بە میتۆدی وەسفی شیکاری بۆ شرۆڤەکردنی ئەو پەیوەندییە.

سیسستمی پەروەردە لە هەرێمی کوردستان لە ڕێگەی کارکردن لەسەر بنەماکانی لێبووردەیی و پێکەوەژیان، ڕۆڵی گرنگی هەیە لە پێگەیاندنی سیاسی و بونیادنانی شوناسی نیشتمانیی، ئەمەش بە ڕەچاوکردنی فرە نەتەوە و فرە ئایینی لە ناوەندەکانی خوێندن و پڕۆگرامەکانی خوێندا. ئامانجی سیستمی پەروەردە لە هەرێمی کوردستان دروستکردنی هەستی

(*) توێژینەوەیەکی هەڵێنجراوە لە ماستەرنامە.

هاوبەش و شوناسی هاوبەش بووە لەسەر بنەمای کوردستانیبوون، هەرچەندە ئەم ئامانجە ڕووبەڕووی گرفتی خودی و بابەتی بووەتەوە کە وەکو پێویست نەیتوانی شوناسێکی یەکگرتووی بەهێز لە ناو نەتەوە و ئاین و ئاینزاکاندا دروست بکات، کە بەشێکی ئەم کەم کورتییە بۆ ناو سیستەمی پەروەردە دەگەڕێتەوە. دەرئەنجامی توێژینەوەکە ئەوە دەردەخات کە سیستەمی پەروەردە لە هەرێمی کوردستان زیاتر لەسەر ئاستی تیۆری کاری لەسەر بونیادنانی شوناسی نیشتمانی کردوە، لە واقیعدا کەمتر هەست بە کاریگەرییەکەی دەکرێت.

1. پێشەکی

شوناس یەکێکە لەو توخمە بنچینەییانەی پێناسەی سەربەخۆیی تاکەکان دەکات و جیای دەکاتەوە لە تاکی کۆمەڵگەکانی دیکە. کاریگەری لەسەر دروستبوونی کەلتوور و بیروبۆچوونەکانیان و ئەو بەهایانە دەکات کە باوەڕیان پێی هەیە. لە هەرێمی کوردستان پاراستن و بەهێزکردنی شوناسی نیشتمانی یەکێکە لە پرسە گرنگەکانی بەردەم نەوەی داهاتوو، بەهۆی ئەو ئاڵنگارییە سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتییە زۆرانەی کە هەرێم تووشی بووە بە هەموو پێکهاتەکانی کە لەپاڵ نەتەوەی کورد لە هەرێمی کوردستان دەژین. لێرەدا پەروەردە بە یەکێک لە گرنگترین ئامرازەکانی دروستکردنی شوناس دادەندرێت، بەو پێیەی کەناڵێکە بۆ پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی و سیاسی. هەروەها بەشدارە لە داڕشتنی چەمکەکانی سەربەخۆیی تاک و بەها کۆمەڵایەتییەکان دروستبوونی کەلتوور و بیروباوەڕەکانیان. لەم لێکۆڵینەوەیەدا تیشک دەخەرێتە سەر کاریگەریی سیستەمی پەروەردەیی لە هەرێمی کوردستان لەسەر شوناسی نیشتمانی کوردستانی لە نێو گەنجاندا، بە پشکنینی پرۆگرامەکانی خوێندن و سروشتی پەروەردە و ئەو تەحەدییانەی کە دێنە بەردەم پرۆسەی خوێندن، بە جۆرێک ئەو ئاستە دەستنیشان بکرێت کە سیستەمی پەروەردە هەیەتی لە بونیادنان و بەهێزیکردنی ئینتما و مافی هاوڵاتیبوون بۆ بەرزکردنەوەی شوناسی نیشتمانی لای قوتبیان.

1-1 گرنگی توێژینەوە:

گرنگی ئەم توێژینەوە لەوەدایە کە بابەتێکی زیندوو و هەنوکەییە لەبواری زانستی و ئەکادیمیدا کە لێکۆڵینەوە لە ڕۆڵی سیستەمی پەروەردە دەکات لە دروستکردن و بەهێزکردنی شوناسی نیشتمانی لە هەرێمی کوردستان. دەرئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە گرنگی دەبێت بۆ باشکردنی سیاسەتی پەروەردە و دروستکردن و بەهێزکردنی شوناسی نیشتمانی لە هەرێمی کوردستان. بۆیە دەکرێت دامودەزگا پەروەردییەکان لەهەرێمی کوردستان سوود لەم جۆرە توێژینەوانە وەربگرن بۆ پێداچوونەوەیەکی بەشەکی بە پرۆسەی خوێندن.

2-1 ئامانج لەم لێکۆڵینەوەیەدا دەکرێت لەچەند خاڵێک کورتی بکەینەوە

١-تێگەیشتن لە ڕۆڵی سیستەمی پەروەردە بۆ دروستکردنی شوناسی نیشتمانی.

٢- ڕونکردنەوەی ئەرکی سیستەمی پەروەردە لە پێگەیاندنی نەوەی تازە لەسەر بەهابالاکان وەک دادپەروەری، لێبوردەیی ، خۆشەویستی، بەرگریکرن ، بەرپرسیاریەتی، بوونی ئینتما بۆ خاکی هەرێمی کوردستان و پیرۆزییەکان و ڕێزگرتن لە جیاوازییەکان.

٣- هەڵسەنگاندنی ڕۆڵ سیستەمی پەروەردە لە ڕێگەی ( پرۆگرامەکانی خوێندن و مامۆستایان و خودی قوتابیان و ئەو ژینگەیە تێیدا دەخوێنن) واتە ئامانج لەم لێکۆڵینەوەیە نیشاندانی ڕۆڵی سیستەمی پەروەردەیە لە دروستکردن و بەهێزکردنی شوناسی نیشتمانی لە هەرێمی کوردستان.

3-1 گرفتی توێژینەوە: لە ئێستادا گرفتی لاوازی ئینتما و شوناسی نیشتمانی بەرۆکی زۆربەی کۆمەڵگە و دەوڵەتانی گرتووە کە هەندێک جار بەشێکی ئەم گرفتە پەیوەستە بە سیستەمی پەروەردە بۆیە توێژینەوەکە ئەو گرفتە دەستنیشان دەکات کە لە پەیوەندی نیوان شوناسی نیشتمانی و پەروەردە دروستدەبێت. جیا لەوەش لە کۆمەڵگە فرەییەکان کۆمەڵێک ئاستەنگ

ڕووبەڕووی سیستەمی پەروەردە دەبێتەوە بەتایبەت کە پرسەکە پەیوەست دەبێت بە دروستکردنی شوناسی نیشتمانی بۆ تاکی نویَ. هەرێمی کوردستانیش نمونەیەکی زیندووی ئەم پرسەیە کە خاوەن تایبەتمەندی زمان، کەلتوورو مێژوویە کە تیایدا فرەیی نەتەوەیی، ئایینی و ئایینزایی وەک ئاڵنگارییەک دەبیندرێت لەبەردەم دروستکردنی شوناسی نیشتمانی.

4-1 پرسیاری سەرەکی ئەم توێژینەوەیە ئەوەیە، ئایا سیستەمی پەرورردە لە هەرێمی کوردستان تاچەند کاریگەری هەیە لەسەر بونیادنانی شوناسی نیشتمانی؟ جگە لە پرسیاری سەرەکی چەند پرسیارێکی لاوەکیش لەخۆ دەگرێت، لەوانە، پەیوەندی سیستەمی پەروەردە و پێگەیاندنی سیاسی چۆن ڕێکخراوە؟ ئایا سیستەمەی پەروەردە تاچەند لە ڕێگەی قوتابخانەکان خزمەت بە شوناسی نیشتمانی دەکات؟ ئایا سیستەمی پەروەردە تاچەند مافی هەموو پێکهاتە جیاوازەکان لەخۆدەگرێت؟ ئایا لە هەرێمی کوردستان( پرۆگرامەکانی خوێندن، مامۆستا، قوتابی و ژینگەی خوێندن) بوونەتە هەوێنی دروستکردنی شوناسی نیشتمانی ؟

5-1 گریمانەی توێژینەوە : لەم توێژینەوەیە گریمانەی ئەوە دەکرێت کە هەرچەندە سیستەمی پەروەردە ڕۆڵی هەیە لە پێکهێنانی شوناسی نیشتمانی، بەڵام دەکرێت بوترێت لە هەرێمی کوردستان ئاستی سیستەمی پەروەردە لاوازە لە بونیادنانی شوناسی نێشتمانی.

6-1 ڕێبازی لێکۆڵینەوە: ئەم لێکۆڵینەوە لەسەر بنەمای ڕێبازی مێژووی و وەسفی و شیکاری بەکارهاتووە بۆ شیکردنەوەی چەمکەکان و ناساندنیان. پاشان شیکارکردنی ڕەگەز و پێکهێنەرەکانی هەردوو گۆڕاوی سیستەمی پەروەردە و شوناسی نیشتمانی و دەرخستنی پەیوەندی نێوانیان.

پەیکەری لێکۆڵینەوە: ئەم لێکۆڵینەوەیە، جگە لە پێشەکی و دەرئەنجامەکان لە سێ بەش پێکهاتووە. لە بەشی یەکەمدا باس لە چوارچێوەی چەمکەکان دەکرێت لە سێ باسدا کە چەمکەکانی پەرەروەد، سیستمی پەروەردە، چەمکی شوناس و شوناسی نیشتمانی دەخرێتە ڕوو. لە بەشی دووەم باس لە ڕۆڵی پەروەردە دەکەین لە دروستکردنی شوناس کە تیش دەخەینە سەر پەیوەندی و کاریگەری پەروەردە لەگەڵ سیستەمی سیاسی، پێگەیاندنی سیاسی و شوناس. بەشی سێیەمش ڕۆڵی سیستەمی پەروەردە باسدەکەین لە دروستکردنی شوناسی نیشتمانی لە ڕێگەی پرۆگرامەکانی خوێندن، ژینگەی خوێندن، مامۆستا و شێوازی وانەوتنەوە و قوتابیان .

## 2. چوارچێوەی چەمکەکان

2-1 چەمکی پەروەردە ( education) بە قەد مێژووی مرۆڤایەتی کۆنە بە چەندین قۆناغی جیاوازدا تێپەڕیوە لە مێژووی مرۆڤایەتیدا، هەر لە کۆمەڵگەی سەرەتایی بوونی هەبووە، لەگەڵ دروستبوونی خێزان تاکو ئێستا بەردەوامە، هەرچەندە لەو سەردەمەدا قوتابخانە بوونی نەبووە، بەڵام منداڵ لە ڕێگەی ئەزموونی هۆزەکانەوە فێردەبوون کە ڕۆژانە پڕاکتیزە دەکران. پەروەردەکاران هەوڵیانداوە لە چوارچێوەی فاکتەرە کاریگەرەکانی ژینگەیی، کولتووری، مەدەنی، ئابووری، کۆمەڵایەتی و سیاسی ئامانجی کۆمەڵگەکانیان بەدەستبهێنن[1].

لەڕووی زمانەوانیەوە: وشەی پەروەردە لە زمانی عەرەبی لە لە کرداری (ربی) وەرگیراوە کە بە واتای خۆراکپێدان دێت بە مەبەستی گەشەکردن وزیادکردن. بۆنمونە منداڵەکەی بەخێوکردووە و خۆراکی پێداوە و گەشەی کردووە. یاخود بەمانای

[1]- د.عبدالله عبدالدائم،التربية عبر التاريخ من العصور القديمة حتى أوائل القرن العشرين، الطبعة الخامسة، دار العلم للملايين، بيروت، لبنان، 1984، ص 13.

پەروەردەکار دێت[1]. لە زمانی کوردی وشەی پەروەردە بە مانای ( بەخێوکردن یان بەخێوکراو دێت)[2] .بەواتایی بەخێوکردنی مەڕومالات و چاندنی بەروبوومی کشتوکاڵی دێت، لە بواری کولتوریدا بەمانای گەشەدانە بە (بەرە، پەرە) بەهرەی نەوەکان یاخود بەمانای پێگەیشتن ( پێگەیوو) دێت[3].

لەڕووی زاراوەوە : پەروەردە ئاماژەیە بۆ ئەو جۆرە چالاکییانەی ئامانجی گەشەپێدانی توانای تاک و هەڵوێست و شێوازی ئەو ڕەفتارانەی کە بەهای ئەرێنییان هەیە بۆ ژیان لەو کۆمەڵگەیەی تێیدا دەژی، کە بە فراوانترین مەودای فێربوون ( Teaching) دادەندرێت و نوێنەرایەتی قۆناغە جیاوازەکانی فێربوون دەکات کە قوتابی پێیداتێدەپەڕێت بۆ بەدەستهێنانی ئاستی زانیاری بەرەوپێشبردنی ڕۆڵی خۆی. هەروەها پەروەردە کۆمەڵێک ڕێگا و ئامرازە تاک پەیڕەوی دەکات لە پێناو گەشەپێدان بە توانا و هەڵوێست و ڕێبازەکان کە کۆمەڵگە قبوڵیان دەکات، یان بۆ بەدەستهێنانی ئەزموونی پەروەردەیی دروست لە ژینگەیەکی دیاریکراو[4].

کۆمەڵناسی فەرەنسی ئێمیل دورکهایم (Emile Durkheim) (١٨٥٨-١٩١٧)، پەروەردە بە بابەتێکی کۆمەڵایەتی دەناسێنێت و لە پێناسەکردنی پەروەردە دەڵێت" پێگەیاندێکی کۆمەڵایەتییە لەلایەن نەوەکانی پێشتر لەسەر نەوەکانی داهاتوو پراکتیزە دەکرێت[5] ". ئەم پێناسەیە تاڕادەیەک لەگەڵ سیستەمی پەروەردە لە هەرێمی کوردستان دەگونجێت. فەیلەسوفی بەریتانی هێربرت سپینسەر (Herbert spencer) ( ١٨٢٠- ١٩٠٣) دەڵێت "پەروەردە پرۆسەی پەرەپێدانی توانا جەستەیی و دەروونی و کۆمەڵایەتیەکانی مرۆڤە، بەمەبەستی ئامادەکردنی بۆ ژیانێکی کۆمەڵایەتی باشتر[6] " فەیلەسوفی ئەمریکی جۆن دێوی ( Jhon Dewy) ( ١٨٥٩- ١٩٥٢) لە پێناسەکردنی پەروەردە دەڵێت "پەروەردە " ژیانە" یان " گەشەکردنە" یاخود " ئاڕاستەکردنی کۆمەڵایەتییە[7]".
سیستەمی پەروەردە (Education system) ئەم چەمکە واقیعی پەروەردەیەکی ڕێکخراو دەگرێتەوە کە لە هەموو کۆمەڵگەیەک بوونی هەیە بۆ پێکهێنانی نەوە تازەپێگەیشتووەکان، هەموو ئەو ڕەگەزانە لەخۆدەگرێت کە وەک تۆڕێک لە پەیوەندییە ئاڵۆزەکان بەیەکەوە بەستراونەتەوە: تێهاوێشتەکانی وەک ئامانجی پەروەردەی گشتی، ئامانجی پەروەردەی تایبەت، مامۆستا، قوتابییان، توانا ماددیە بەردەستەکان لە دام و دەزگای پەروەردەیی، ئامراز و ئامێرەکان، پرۆگرامی خوێندن، ڕاپۆرتە ئەکادیمییەکان، ئامرازەکانی هەڵسەنگاندن... . دەرهاوێشتەکان وەک جۆری دەرچووەکان لە ڕووی تایبەتمەندی جەستەیی وتوانای عەقڵی ، زانیاری و کارامەیی زانستی، لێهاتووی کرداری و توانایی بەرهەمهێانان .... هتد[8].
بە شێوەیەکی گشتی پەروەردە ڕێبازی پێگەیاندنی نەوەکانی ئێستا و داهاتووە لەسەر ژمارەیەک بنەمای دیاریکراو لە

---

[1]-موسوعة التفسير الموضوعي، التربية، بدون تاريخ النشر، https://modoee.com/books/text/309_20190626085042.html تاريخ الزيارة الموقع ٢٠/٥/2020.
[2]- هەژار موکریانی، فەرهەنگی هەمبانە بۆرینە، چاپی یەکەم، سروش، تاران، 1369، ل 119.
[3]- سەباح یاسین، پەروەردە، 2020/9/7، سایتی ئاوێنە، https://www.awene.com/article?no=12454&auther=1529 ڕۆژی سەردان 2024/11/24.
[4]- د. فاروق عبده فليه و د.احمد عبد الفتاح الزكي، معجم مصطلحات التربية لفظا و اصطلاحا، دار الوفاء لدنيا الطباعة والنشر، الاسكندرية، مصر، 2004، ص 87.
[5]- اميل دوركهايم، التربية والمجتمع،ترجمة علي أسعد وطفة، دار المعد للطباعة والنشر، الطبعة الخامسة، دمشق، 1996،ص11.
[6]- هربرت سبنسر، التربية، ترجمة محمد السباعي، الناشر مؤسسة هنداوي، مصر-المملكة المتحدة، 2017،ص 10.
[7]- جون ديوي، المدرسة والمجتمع، ترجمة د. أحمد حسن الرحيم، دار مكتبة الحياة ، بيروت، لبنان، ط2، 1978،ص 12.
[8]- د. فاروق عبده فليه و د.احمد عبد الفتاح الزكي، المصدر السابق، ص244.

چوارچێوەی سیستمێکی دانرا کە ئەو سیستمە بە گوێرەی وڵاتان و شێوازی ژیان و سیستمی سیاسی گۆڕانکاری بەسەردا دێت.

بە پشت بەستن بە ڕای نووسەران لەم پێناسانەی خرانە ڕوو دەکرێ بوترێت پەروەردە نوێنەرایەتی سیستەمێکی هەمەلایەن و بەیەکەوە بەستراو دەکات لە دارِشتنی لایەنی مەعریفی و زانیاری و بەها ڕەفتارییەکانی قوتابیان، ئەمەش لە ڕێگەی کارلێکی نێوان فەلسەفە، ئامانجی پەروەردە، پڕۆگرامەکانی خوێندن، کادیرانی پەروەردەیی و ژینگەی خوێندن. هەروەها تێگەیشتن لە سیستەمی پەروەردە بەبێ چوارچێوە فەرهەنگی و سیاسی کۆمەڵگە کارێکی ئەستەمە، بۆیە دەکرێ بوترێت پەروەردە وەک ئامرێزێکە لەلایەن دەسەڵاتی سیاسی بەکاردێت لە دروستکردنی کەلتووری سیاسی ، لەبەرامبەریشدا دەبێت لە ئاست پێداویستی و خواستی کۆمەڵگە بێت لە بەرهەمهێنانی تاکی هۆشیار و زانستپەروەر.

2-2 چەمکی شوناس : شوناس چەمکێکی ئاڵۆز و گشتگیرە، لەبەرئەوەی ڕەهەندی جیاوازی مێژوویی، فەلسەفی، سیاسی، کۆمەڵایەتی، ڕۆشنبیری و دەروونناسی لەخۆدەگرێت. شوناس مێژوویەکی دوور و درێژی هەیە بە قەد مێژووی مرۆڤ کۆنە.[1] چەمکی شوناس لەگەڵ باسکردنی جیاوازییەکان مانا دەدات واتە "شوناس" و " جیاوازی" دوو چەمکی جیانەکراوەن و دژبەیەکن و لەگەڵ یەکتردا تێکەڵاون، باسکردنی یەکێکیان باسی ئەویتریان بەدوای خۆیدا دەهێنێت. شوناس ڕەنگە چەندایەتی بێت لە و لایەنەی ئاماژە بە بوونی یەک شت دەدات لە ڕووی بوونیەوە کێیە، یان دەکرێ چۆنایەتی بێت سیفەتی چەند تایبەتمەندییەک لەخۆبگرێت سەرەرای جیاوازی لە کات و شوێن، یاخود لۆژیکی بێت وەک ئاماژەیەک بۆ پەیوەندی یەکسانی و هاوتایی لەگەڵ ناسێنەرەکان هاوشێوەی ئەو وتەیی کە دەڵێت " مرۆڤ بوونەوەرێکی قسەکەرە [2] "
لەڕووی زمانەوانیەوە چەمکی شوناس لە وشەی (Identitas)ی لاتینی وەگیراوە لە بۆ دوو مانای دژبەیەک بەکاردێت یەکەمیان بەمانای هاوشێوەیی دێت، دووەمیان بەمانایی جیاوازی هەمیشەی دێت. بە گشتی پرسیار لە هەبوونی کەسێک دەکات بۆنموونە : ئەو کەسە کێیە؟ چ تایبەتمەندییەکی تاک یان کۆمەڵی هەیە؟ چوارچێوەیەکی فراوان بەکاردێت بە مانای هەمان شت دێت یاخود بەمانای هاوشێوە دێت[3]، لە زمانی عەرەبی لە جێناوی کەسی سێیەمی ( هو) لەگەڵ پاشگری (ی) وەرگیراوە بوە بە (هَوَی) بەمانای هەست و سۆزێکی زۆر دێت بەرامبەر شتێک یان کەسێک[4].
لەڕووی زاراوە وەک هەر چەمکێکی دیکەی زانستە مرۆڤایەتییەکان بە گشتی و زانستە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکان پێناسەیەکی دیاریکراوی نیە لە بەر ئەوە لە گۆشە نیگای جیاوازەوە پێناسە بۆ دەکرێت. بۆ نمونە : بیرمەندی ئەمریکی سامویل هانتنگتۆن (Samuel P. Hantington) (١٩٢٧- ٢٠٠٨) لە پێناسەکردنی شوناس دەڵێ "هەستکردنی تاک یان کۆمەڵە بە خود، ئەمەش لە ئەنجامی هۆشیاری خود، کە من یان ئێمە خاوەنی کۆمەڵێک تایبەتمەندین جیامان دەکەنەوە لەوانی دیکە. شوناس وەک ئەوەی لەلایەن کۆمەڵێک توێژەر ئاماژەی پێکراوە، ئاماژەیە بۆ وێنەی تاکایەتی و جیاکاری خود کە ئەکتەرێک نمایشی دەکات لە کاتی پەیوەندیکردن لەگەڵ ئەوانی تر. مادام مرۆڤەکان کارلێک لەگەڵ خەڵکانی تردا دەکەن ئەوا هیچ بژاردەییەکیان لەبەردەم نیە جگە لە پێناسەکردنی خۆیان لە پەیوەندیەکانیاندا لەگەڵ ئەوانیتر و ناساندنی لێکچوون و جیاوازییەکانیان[5] "

---

[1]- عماد احمد مولود، سياسات ادراة التنوع " استجابة الدولة للهويات: دراسة مقارنة، أطروحة دكتورا، كلية العلوم السياسة في جامعة صلاح الدين، اربيل، 2019، ص 24.

[2]- محمد منادي ادريسي، سؤال الهوية عند جون لوك: من الجدال اللاهوتي الى النقاش العلمي، مجلة تبين، العدد 34، 2020، ص 146.

[3]- ئەحمەد شەبانی، فەرهەنگی زانستی سیاسی، دانشگاء کردستان، سنە، 2010، ل 207.

[4]- جلال الدين سعيد: معجم المصطلحات والشواهد الفلسفية، دار الجنوب ، تونس، 2004،ص 491 .

[5]- صمويل ب هنتنجتون، من نحن ( المناظرة الكبرى حول أمريكا )، ترجمة أحمد مختار الجمال، طبع الاولى ، المركز القومي للترجمة، ، 2009، ص55.

لە تێڕوانینی فرانسیس فۆکۆیاماشەوە شوناس جەختکردنە لەسەر مافی تاک لە دەست نیشانکردنی شوناسەکەی و هەڵبژاردنی ژیانی کۆمەڵایەتی خۆی[1]. کۆمەڵناسی بەریتانی (Anthony Gidden) ئەنتۆنی گدنز( ١٩٣٨) لە زانستی کۆمەڵناسی باسی شوناس دەکات پێی وایە فرە لایەنە، پەیوەندیدارە بە تێگەیشتن و وێناکردنی مرۆڤ بۆ خودی خۆیان لەو شتانەی کە گرنگن لەلایان[2]. توێژەر پێی وایە شوناس تەنها تایبەتمەندیەکی کەسی نییە کە لەوانی دیکەی جیابکاتەوە، بەڵکو هەستکردنەوە بەسەربەخۆیی کە لە ڕێگە بەریەککەوتنیان لەگەڵ کەلتوری کۆمەڵگە پەیدادەبێت، ئەمەش بەهۆی کاریگەربوونی شوناس بە کۆمەڵگەکەیەوە. تێگەیشتن لە شوناسیش پێویستی بە لێکۆڵینەوە هەیە لە ڕەگەزە پێکێنەرەکانی شوناس کە بەشداردەبن لە بنیاتنانی.

3-2 چەمکی شوناسی نیشتمانی (patriotic identity):

شوناسی نیشتمانی وەک ئاستێکی بەرزتر لە شوناسی نەتەوەیی دەناسرێت، شوناسی نەتەوەیی زادەیی پرۆسەی دروستبوونی نەتەوەیە کۆڵەکەی هەستی ناسیۆنالیزمییە، هەرچی شوناسی نیشتیمانییە کۆڵەکەی چەمکەکانی هاوڵاتیبوون و بەرپرسیارییەکانی دەوڵەت و یەکسانییە. دەرئەنجامی پرۆسەی نیشتمانسازی سەرکەوتوو، دروستبوونی ئەو هەستە نیشتمانییە یە کە وا لە ئەندامانی کۆمەڵگەیەک بکات شوناسێکی هاوبەشیان هەبێت. ئەو هەوڵانەش دەگرێتەوە کە لەلایەن دەوڵەت و کۆمەڵگەی مەدەنییەوە دەدرێن بۆ لێکنزیک کردنەوەی ئەندامانی کۆمەڵگە، بەشێوەیەک ئەمر لێکنزیک بوونەوەیە نەبێتەوە هۆکاری توانەوە یان لەناوچوونی جیاوازییەکان، چ سیاسی بن چ کەلتووری یاخود ئایینی بن. ئەمەش لە پێناو بەدیهێنانی سەقامگیری سیاسی و فەراهەمکردنی دادپەروەری کۆمەڵایەتی لە نێوان چەسپاندنی یەکسانی و لەخۆگرتنی گروپە جیاوازەکان. لەبەرئەوەی ناسەقامگیری کاتێک پەیدا دەبێت کە گروپێک لە گروپەکان لە کۆمەڵگە مافەکانی پێشێل بکرێت، یان بە نایەکسانییەوە مەمەڵەی لەگەڵ بکرێت. شوناسی نیشتمانی لەسەر دروستکردنی کۆمەڵێک شوناسی هاوبەش ڕادەوەستێت، لەوانە :ئاڵای هاوبەش، سروودی نیشتمانی، ڕۆژە نیشتمانییەکان، زمانی نیشتمانی، ئەفسانەی نیشتمانی، چارەنووسی هاوبەش، یادەوەری و مێژووی هاوبەش[3].

## 3 ڕۆڵی پەروەردە لە دروستکردنی شوناس

لەم بەشەدا تیشک دەخرێتە سەر پەیوەندی نێوان پەروەردە لەلایەک، لەگەڵ هەر یەک لە سیستەمی سیاسی و پێگەیاندنی سیاسی، هەروەها شرۆڤەی پەیوەندی نێوان سیستەمی پەروەردە و شوناسی نیشتمانی دەکرێت.

1-3 پەیوەندی پەروەردە و سیستەمی سیاسی

پرۆسەی خوێندن وەک یەکێک لە گرنگترین ئەرکەکانی دابەشکردن لە دەسەڵاتی جێبەجێکردن دادەندرێت بۆ ئەدای سیستەمی سیاسی، چونکە لەلایەک پەروەردە پەیوەستە بە ئاستی کارامەیی و بەرهەمهێنانەوە، لەلایەکی دیکە سەرچاوەیەکی سیاسییە کە ڕێگە دەدا بە هاوڵاتیان بچنە ناو پرۆسەی سیاسی و بتوانن بەرگری لە مافەکانیان بکەن وبژێوی

---

[1]- هاوکار رسول محمد و ئەمین فەرەج شەریف، تیۆری شوناس لای فرانسیس فۆکۆیاما، گۆڤاری زانکۆ بۆ زانستە مرۆییەکان، زانکۆی سەلاحەدین-هەولێر، بەرگی (29)، ژمارە (SpA)،، 2025، ل192.
https://doi.org/10.21271/zjhs.29.SpA.10

[2]- أنتوني غدنز، علم الاجتماع ( مع مدخلات عربية)، ترجمة د. فايز الصياغ، مؤسسة ترجمان المنظمة العربية للترجمة، الطبعة الرابعة، بيروت، 2005، ص 90.

[3]- شێرکۆ کرمانج، شوناسی عێراق ململانێی نەتەوەیی و مەزهەبییەکان، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، 2017، ل 52 و 53).

ژیانیشیان دابین بکەن[1]. بارودۆخی سیاسی لە هەر کۆمەڵگەیەکدا کاریگەری لەسەر پەسەندکردنی فەلسەفەی پەروەردەیی ئەو کۆمەڵگایە دادەنێت، لەبەرئەوە چەمک و ئامانج و چالاکی پەروەردە لە کۆمەڵگەیەکەوە بۆ کۆمەڵگەیەکی دیکە تەنانەت لەناو خودی یەک کۆمەڵگەش لە سەردەمێکەوە بۆ سەردەمێکی دیکە جیاوازن. ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئایدۆلۆژیای کۆمەڵگە و ئەو دەسەڵاتە سیاسییەی کە زاڵە بەسەر سیستەمی حکومڕانی. مادام پەروەردەش فەلسەفە و ئامانجەکانی لە سروشتی ئەو کۆمەڵگەیە وەردەگرێت کە تێیدا بوونی هەیە بۆیە ڕەنگدانەی تایبەتمەندییە سەرەتاکانی ئەو کۆمەڵگە دەبێت. واتە ناسروشتی دەبێت ئەگەر بێتوو بە دوای پەروەردەیەکدا بگەڕێن لەسەر بنەمای ئازادی و دیموکراسی لە کۆمەڵگەیەکدا کە سیستەمی سیاسیەکەی دیکتاتۆریەت ودەسەڵاتی تاکە کەسی بێت[2].

هەروەها سەرهەڵدانی دید و بیرکرنەوەی نوێ لەبواری پەروەردە و بەستانەوەی بە جیهانی هاوچەرخ وایکردووە ئەو گۆرانکارییانە دەست نیشان بکرێت کە پەروەردە ڕۆڵی تێدا دەبینێت لە بەرهەمهێنانی هێزە کۆمەڵایەتییەکان کە بۆتە ئەرکی سیاسی و کەلتووری پەروردە، جگە لەمەش ئەزموونە سیاسییە هاوچەرخەکان دەریانخستووە کە پەروەردە سەرکەوتوو بووە لە پراکتیزەکردنی بە دیموکراسی کردن و دیاریکردنی شەفافیەتی نێوان عەقلی سیاسی و کاردانەوەی گشتی، کە وەک ستانداری سەیردەکرێت بۆ پێوانەکردنی ئەدای گشتی سیستەمی سیاسی و ڕەوایەتیەکەی. لەبەر ئەوە زۆربەی وڵاتان هەوڵ بۆ چالاککردنی پەیوەندی نێوان پەروەردە و سیاسەت دەدەن لە سەردەمی ئێستادا کە دەبێتە هۆی پێگەیاندی سیاسی هاوڵاتیان و بەهێزکردنی شوناسی نیشتمانی[3]. لە ئامانجەکانی سیستەمی سیاسی سەقامگیری سیاسی و بەردەوامییەتی، بەدیهێنانی ئەم ئامانجەش لە ڕێگەی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی سیاسی دەکرێت. لەبەر ئەوە پسپۆڕان گرنگییرکی زۆر بەو بابەتە دەدەن چونکە بە فاکتەری جەوهەری دادەندرێت لە پاراستن و پشتیوانیکردنی سیستەمی سیاسی[4].

**2-3 پەیوەندی پەروەردە و پێگەیاندنی سیاسی**

چەمکی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی سیاسی بیرمەندی ئەمریکی لەلای گابرێل ئەلموند( Gabriel Almond / 1911- 2002) لە تیۆری بونیادی وەزیفی ئاماژەی پێدەکات وەک یەکێک لە تێهاوێشتەکانی (Input) سیستەمی سیاسی[5]. گابرێل ئالموند و پۆڵ پاول لە پێناسەی پێگەیاندنی سیاسی دەڵێن " ئەو پرۆسەیەیە کە بەها و هەڵوێستە سیاسییەکان لە منداڵییەوە تا پێگەیشتن، تا ئەو کاتەی گەورەکان لە دۆخێکدا دەبن کە ڕۆڵی خۆیان ئەنجام دەدەن[6] " کەناڵەکانی پێگەیاندنی سیاسی جۆراوجۆرن وەک ( خێزان، قوتابخانە، شوێنە ئاینییەکان، هاوڕێ، پیشە، پارتە سیاسییەکان).

[1]- كمال المنوفي، اصول النظم السياسة المقارنة، شركة الريهان للطبع والنشر، الكويت، 1987، ص 304.

[2]- صلاح السيد عبده رمضان، العلاقة بين التربية والسياسة في ضوء التحولات المعاصرة ( دراسة تحليلية في أليات التفعيل)، مجلة المعرفة التربوية، العدد5، 2015، ص 161.

[3]- نفس المصدر، ص 160.

[4]- الدكتور صادق الأسود، علم الاجتماع السياسي: اسسه و ابعاده، وزارة التعليم العالي والبحث العلمي، جامعة بغداد، 1990، ص 353.

[5]- مرابط بد الحكيم، التعليم والتنشئة السياسية في العالمين والغربي، مجلة الابحاث القانونية والسياسية، العدد الثاني، 2020، ص 158.

[6]- جابريل ايه.ألموند و جي. بنجهام باويل الابن، السياسات المقارنة في وقتنا الحاضر، ترجمة: هشام عبدالله، الطبعة الاول، لدار الاهلية للنشر والتوزيع، عمان، ص 59.

ناوەندەکانی خوێندن لە قوتابخانەکان کە یەکێکن لە ڕێگەکانی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی سیاسی کاریگەری زۆریان هەیە لەسەر منداڵان کە هەستی ئینتما و هاوڵاتیبوونیان پێدەبەخشێت ئەمەش لەرێگەی شێوازی پەروەردەی مۆدێرن و بەدیهێنانی ئامانجە پەروەردەییەکان و پڕۆگرامەکانی خوێندن بەدەستدێت[1]. واتا پەروەردەو فێرکردن وەک پڕۆسەیەکی گونجاندنە لەگەڵ ژینگە کۆمەڵایەتیەکەی و داڕشتنی بەو شێوەی کۆمەڵگەکەی پەسەندی دەکات، بە ئامانجی پابەندبوون بە داواکارییەکانی کۆمەڵگە و تێکەڵبوون بە کەلتوورەکەی و ملکەچبوون بۆ ئەرکەکانی[2].ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە یەکگرتووی و وابەستەبوونی هەموو کۆمەڵگەیەکی مرۆڤایەتی بەندە بە تێگەیشتنی تاکەکانی بۆ بەهاکان و بنەما هاوبەشەکان کە ئەمە بیرۆکەی کەلتوور دێنێتە کایەوە. ئەم تێگەیشتنە هاوبەشەش مرۆڤ لە کاتی لەدایکبوونیەوە وەریناگرێت، بەڵکو لە قۆناغە جیاجیاکانی ژیانیدا بەدەستی دەهێنێت، ئەمەش پڕۆسەی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی بەدوای خۆیدا دەهێنێت[3].

### 3-3 پەیوەندی پەروەردە و شوناسی نیشتمانی

وڵاتانی جیهان بۆ پەروەردەیەکی نیشتمانی کاردەکەن بۆ ئەوەی ئەندامەکانیان بەشێوەیەکی یەکسان لە چوارچێوەی گروپ یان نەتەوە پەروەردە بکەن، بە مەبەستی دانانی بناغەیەک بۆ گەلەکەیان بەشێوەیەکی یەکسان، بەم شێوەیە شوناسێکی نیشتمانی پێکبهێنن. ئەم تێڕوانینە دەبێتە هۆی ئەوەی شوناسی نیشتمانی گەل و وڵاتەکان دروستبێت لەڕێگەی دروستبوونی شوناسی تاکەکان و گروپەکان. ئەمەش پێویستی بە بوونە مێژوییەکان هەیە کە شێوەی جۆراوجۆری هەیە وەک شوناسی نەتەوە ، ئایین ، ڕەگەز و چین[4]. پەروەردە بەشێوەیەکی گشتی ڕۆڵی هەیە لە بەرهەمهێنانی نەوەی داهاتوو بەتایبەت کە ژمارەی مرۆڤ ڕۆژ بە ڕۆژ لە زیادبوونە پێویستی خەڵکی بە خوێندن لە زیادبووندایە. هەوڵی بەدەستهێنانی ئاستە جیاوازەکانی خوێندن دەدەن چونکە لەڕێگەی پەروەردە و قوتابخانەکان دەتوانن پشتگیری گەشەسەندنی گەنجان بکەن بەرەو هەستکردنێکی ئەرێنی بۆ شوناسی نیشتمانی ئەمەش لەڕێگەی ئامادەکردنی چەندین پڕۆگرام و بەرنامەی خوێندن کە بتوانێت هەستی کارلێککردن لە نێوانیاندا بنیات بنێنن[5]. ئەوەی پشتڕاستبۆتەوە ئەوەیە پەروەردە تەنها گەیاندنی زانیاری نیە بە قوتابیان، بەڵکو هەر لە ڕێگەی پەروەردە پەرە بە توانا کەسییەکانیش دەدرێت، کە لە ڕێگەیەوە دەتواندرێ شوناسی خۆیان پێکبهێنن و شوناسی نیشتمانی خۆیان بدۆزنەوە. وڵاتان سوود لە قوتابخانەکان وەردەگرن بۆ دروستکردنی و بە ئامانجی بەرزکردنەوەی شانازییە نەتەوەییەکان و هەستکردن بە سەقامگیری وڵات[6]، بە شێوەیەک دەبێت پەروەردە و قوتابخانەکان یارمەتی قوتابیان بدات بۆ بەدەستهێنانی ئەو زانیاری و هەڵوێست و کارامەییانەی کە پێویستن بۆ کارکردن لە دەوڵەت و کۆمەڵگەیەکی جیهانی هەمەچەشندا، کە هەوڵەکانی جیهانگیری بەشێوەیەکی خێرا ڕۆڵی بینی لە ناساندنی گروپە

---

[1]- د.رانيا رمزي حليم و د. ايمان الشحات عبدالتواب، دور مؤسسات التنشئة الاجتماعية في التربية على المواطنة، مجلة كلية الاداب- جامعة بني سويف، العدد(67)، 2023، ص 345.

[2]- أسماء أحمد رمضان الشابودي، أهمية القيم التربوية في عمليات التنشئة الاجتماعية لأطفال ما قبل المدرسة بين الريف و الحضر، المجلة العلمية لكلية رياض الاطفال، جامعة المنصور، المجلد (5)، العدد (3)، 2019، ص 13.

[3]- الدكتور صادق الأسود، المصدر السابق، ص 347.

[4] -LEE BYUNG- JIN, Education and National Identity, *policy Futures in Education*, Volume(1), number(2), 2003, p335.

[5]-Fazilah Idr, …, the role of education in shaping youths national identity, *article in procedia- social and behavioral sciences*, (59)2012.p 445.

[6]-Ear, Celine, Educetion for National Identity: A quantitive research on the effect of education on feelings of national identity among the Japanese,Universiteit Leiden, The Netherland.

https://studenttheses.universiteitleiden.nl/access/item%3A3620520/view

نەتەوەییە کەلتوریی، زمان و ئاینییەکان. لێرەدا قوتابخانەکان وەک دامەزراوەیەکی سەرەکی شوناس بەخش ڕۆڵ دەبینن لە ناساندنی بەها باڵاکانی وڵات بە هاوڵاتییەکانی، پەروەردەی بنەمادار بە دەوڵەت نەتەوە پەیوەندییەکی زۆری هەیە بە پەرەپێدان و دروستکردنی شوناسی نیشتمانی. بۆنموونە لە وڵاتی سوید لە قوتابخانەکان بەتایبەت لە بابەتی پەروەردەی مەدەنی ڕۆڵی سەرەکی هەیە لە بەرجەستەکردنی شوناسی نیشتمانی و بوونی متمانەی سیاسی لەسەر بنەمای بەهاکانی ئازادی، دیموکراسی و سەروەری یاسا. ئەم بەهایانە نەک تەنها ڕوڵییان هەیە کە لە بەڵگەنامەکانی سیاسەتدا دابڕێژرێن بەڵکو کاریگەریان لەسەر فێرکردن و پەروەردەی ڕاستەقینەش هەیە[1].

لێرەدا دەکرێ بڵێین سیستەمی سیاسی لەڕێگەی ئەنجامدانی ئەرکەکانی خۆی و گەیشتن بە ئامانجەکانی بۆ سەقامگیری و پاراستن و بەردەوامی سیستەم پێویستی بە کۆمەڵگەیەکی یەکگرتوو هەیە کە تاکەکانی پابەندبن بە فەلسفە و ئایدۆلۆژیا سیاسییەکەی ، بێگومان ئەمەش لەڕیگەی پرۆسەی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی سیاسی بەدیدێت کە لەڕیگەی کەناڵە جۆراوجۆرەکانییەوە هەوڵی پێگەیاندی تاکەکان دەدات. بەتایبەت ڕۆڵی پەروەردە کە بەیەکێک لە کەناڵە گرنگەکانی پێگەیاندی کۆمەڵایەتی سیاسی دادەندرێت لە گواستنەوەی بەهاو پێوەرو ڕەفتارە پەسەندەکان بۆ تاکەکان کە تێیدا خاوەن شوناسێکی یەکگرتوو و هاوبەشبن لە کۆمەڵگە . لە بەشی دواتر باس لە ڕۆڵی سیستەمی پەروەردە دەکەین لەبونیادنانی شوناسی نیشتمانی لەهەرێمی کوردستان.

## 4 ڕۆڵی سیستەمی پەروەردە لە دروستکردنی شوناسی نیشتمانی لە هەرێمی کوردستان- عێراق

### ٤-١- بنەمای پێکهێنانی شوناسی نیشتمانی لە هەرێمی کوردستان- عێراق

لەدوای ڕاپەڕین و دامەزراندنی حکومەتی کوردستان، سیستەمی پەروەردەیی کوردی لە وەزارەتی پەروەردە لە بۆ وەدەستهێنانی شوناسی نەتەوەیی کوردی تێدەکۆشێت، سیستەمی پەروەردە لەڕێگەی پرۆگرامەکانی خوێندن گرنگی و بایەخی زۆر دەدەن بە بڵاوکردنەوەی پەروەردەیی و فێرکردنی منداڵان لەسەر بنەما فکری و سیاسییەکانی حکومەتەکەی کە زۆرجار هەوڵ بۆ پەرەپێدانی ناسیۆنالیستی دەدەرێت، هەروەرها کار بۆ دروستکردنی هەستی ئینتمای نیشتمانی و وەفاداری بەرامبەر خاکەکەی دەکات.کە پێشتر بۆ کورد ئەمە شتێکی مەحاڵ بووە تەنانەت بە زمانی کوردیش نەیتوانیوە بخوێنێت، بەڵکو پەیڕەوی سیستەمی پەروەردە و فێرکردنی ڕژێمی دەسەڵاتداری کردووە لە چوارچێوەی دەوڵەتی عێراق[2].

لە هەرێمی کوردستان بە دوور لە کاریگەری کەلتووره وەرگیراوەکان کە بەهۆی بەجیهانیبوون و پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا کە سنوورەکانیان کاڵتر کردۆتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکان بەتایبەت قوتابخانەکان کاریگەری زۆریان هەیە لەسەر دروستکردنی کەسایەتی تاک و شوناسی نیشتمانی و نەتەوەیی[3] . بە شێوەیەکی گشتی بنەماکانی شوناسی نیشتمانی بە گوێرەی پرۆگرامەکانی خوێندنی هەرێمی کوردستان بەتایبەت لە وانەی بابەتە کۆمەڵایەتییەکان کە پێک دێت خستنە ڕووی مێژووی کوردستان و ناساندنی ناوچە و شوێنە مێژوو، ئاینیی، و گەشتارییەکانی کوردستان، هەروەها وانەی کارامەیی و بەها کۆمەڵایەتییەکان زیاتر تیشک دەکاتە سەر بابەتی شوناس جەخت لەسەر ئەم خاڵانەی خوارەوە دەکاتەوە:

[1]-Lödén, H. Citizenship education, national identity and political trust: The case of Sweden. *Nordidactica: Journal of Humanities and Social Science Education, 2014* (2), p116–123.

[2]-ئۆفرا بەنگیو، وەدەستهێنانەوەی ناسنامەی نەتەوایەتی لە کتێبە دەرسییەکانی قۆناخی سەرەتایی قوتابخانە کوردییەکاندا، وەرگێر: ئیبراهیم ساڵح راد، گۆڤاری تیشک، ژمارە( 57) 2020. ل (235).

[3]- جاجان جمعة محمد و رشيد حسين احمد، تطور مفهوم الهوية القومية لدى الطفل الكردي، گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی، چاپخانەی حاجی هاشم، ژمارەی ( 16) ، هەولێر، ساڵی 2010، ل 413.

**یەکەم / خاک:** ئەو پارچە زەوییەی کە کۆمەڵە کەسێک لەسەری دژی وەک یەکێک لە بنەماکانی شوناسی نیشتمانی دەناسرێت. مێژووی کورد ئەوەی سەلماندووە هەر لەکۆنەوە لەسەر ئەم خاکە نیشتەجێ بووە، ئاوەدانی کردۆتەوە خەباتی کردووە لەپێناو مانەوە و ژیان لەسەر ئەم خاکە. خەبات و تێکۆشانی ڕۆڵەی کورد بۆ خاکی کوردستان، مانەوەی کورد لەسەر هەمان خاک وایکردووە کە ڕەگەزی خاک و خوێن ببنە دوو ڕووی یەک دراو. واتا پەیوەندی خوێنی لە نێوانیاندا هەیە، خوێن کە ژیانی مرۆڤی پێوە بەندە ، لەپێناو خاک و نیشتمانەکەیدا دەیرژێت. ئەم پەیوەندییە وایکردووە کە مرۆڤی کورد خوێنی تێکەڵ بە خاکەکەی بکات، خۆ بەکوشتدان و گیان بەخت کردن لەڕێی خاکی کوردستان کرۆکی تێگەیشتنی تاکی کوردە بۆ پێکهێنانی شوناسی نەتەوەیی[1]. دابەشکردنی بە نارەوای خاکی کوردستان کاریگەری هەبووە لەسەر دابەشبوون و جۆراو جۆری لە شوناسی نەتەوەی کورد. ئەمەش وەک هەندێک لە ناسیۆنالیستەکانی کورد پێیان وایە کە کورد لە کۆنەوە وەک یەک نەتەوە بوونی هەبووە، هەمیشە و بەردەوام لە زێدی خۆی کە کوردستانە ژیاوە. بەڵام بە هۆی فاکتەری دەرەکی وەک داگیرکردنی لەلایەن نەتەوە باڵا دەستەکان، فاکتەرە ناوخۆییەکان وەک ناتەبایی لەنێوخۆی کوردان خاکەکەی دابەشکراوە، لە ئاکامدا شوناسی کورد بەشێوەیەک نارەوا و لە ژێر ستەمی پارچە پارچە کراوە [2]. لە وانەی کۆمەڵایەتی پۆلی(٥،٦،٧،٩) زۆر بە ڕوونی گرنگی خاک بۆ نەتەوەی کورد باسکراوە کە ڕۆڵەی کورد هەر لەکۆنەوە هەوڵی بەرگریکرن و پارێزگاریکرنی ئەم خاکەی داوە تاکو دەست داگیرکاران رزگاری بکات وبیپارێزێت[3].

**دووەم / زمانی کوردی :** وەک یەکێک لەو زمانانەی لە دێر زەمانەوە تاکو ئێستا هەبووە و توشی چەوساندنەوە و ستەم چاڵ و چۆڵی پڕ لە کۆسپ ناهەمواری زۆر بۆتەوە بەتایبەت کە فاکتەری جیۆگرافی کاریگەری زۆر هەبووە لەسەر زمانی کوردی لە هەر چوار پارچەی کوردستان، لە هەر بەشێکی کوردستان کاریگەری زمانی وڵاتی بەشکراوی کوردستانی لەسەرە، ڕواڵەتی شێوەزارە کوردییەکەیان زۆرتر بەلای ئەو زمانە بێگانەدا داتاشیوە کە خاکی کوردستانی بەسەردا بەشکراوە، بەڵام لەگەڵ ئەمانەشدا زمانی کوردی بەردەوام هاوشانی گەلی کورد بووە و تەنیای نەکردووە، پارێزگاری لە ڕەسەنایەتی و ڕێزمانی خۆی کردووە سەرەڕای وەرگرتنی چەندان وشەی بێگانە بەهۆی پێویستی بارودۆخی کوردستان توانیویەتی خۆی پێ دەوڵەمەند بکات،[4].

لەمەرجە سەرەکییەکانی زیندوو مانەوەی هەر زمانێک ئەوەیە یەکەمیان چەند کەسێک قسەی پێ بکەن و بەزمانی دایکی بزانن، دووەمیان لە پارچە زەوییەکی دیاریکراو هەبێت تیایدا زمانەکە بەفەرمی ناسێندرابێت. گومانی تێدا نییە کە زمانی کوردی بە ملیۆنان کەس قسەی پێدەکەن و بەزمانی خۆیان دەزانن و لە هەرێمی کوردستانیش لە لایەن حکومەتی عێراقی لە دەستوور و پەرلەمانی عێراق بە فەرمی ناسێدراوە،واتە زمانی کوردی وەک زمانێکی زیندوو خاوەن فەرهەنگی وشە و دەربڕین و دەستەواژە و شێوازی ئاخاوتن زمانێکی دەوڵەمەندە تاکو ئێستا توانا مانەوە هەبووە بۆ گەلی کورد و خۆی پاراستووە بەرامبەر زمانی بێگانە و داگیرکەرانی کوردستان لە کاتێکدا زمانی ئینگلیزی و عەرەبی و تورکی و فارسی هەیمەنەیان هەبووە لەسەر هەموو پارچەکانی کوردستان[5].

ئەمەش بەواتای ئەوە نایەت کە کێشەی زمان بوونی نەبێت، یەکگرتوو نەبوونی زمانی نەتەوەیی کوردی بەتایبەت لە سیستەمی پەروەردە، بەجۆرێک لە ناوچەیەکی کوردستان بە شێوەزاری بادینی دەخوێندرێت، و لە ناوچەیەکی دیکە بە

---

[1]- ڕێبوار سیوەیلی، شوناسی نەتەوەی کورد، https://haremnews.com/detailsWtar/412 ، بەرواری سەردانیکردن (2025|4|20)

[2]-Jaffer Sheyholislami, Kurdish Identity, Carleton University, op.cit, p51.

[3] - پ.ی.د. شێرکۆ کرمانج، مامۆستای زانکۆی کۆیە، چاوپێکەوتن،9|7|2025.

[4]- مەسعوود محەمەد، هەندێ بابەتی زمان و ڕێنووسی کوردی، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، 2011، ل 250-251.

[5]- د. ئیدریس عەبدوڵڵا مستەفا، واقیعی زمانی کوردی لە نێوان پێوەرەکانی زمانی زیندوو و ئەو هۆکارانەی زمان دەمرێنێت، گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی، ژمارەی ( 22 ) ، هەولێر، ساڵی 2012، ل 28 - 30

شێوەزاری سۆرانی دەخوێدرێت. لێرەدا دەبێت  ماف بە جێگەو ناوچەکانیدیکەش بدرێت بە شێوەزاری خۆیان بخوێنن کە ئەمەش دەبێتە هۆی شێواندنی زمانی زانستی و ئەکادیمی نووسین، کە دەبێتە کێشە  بۆ زمانی کوردی کە  توانستی دانانی زاراوە و یەکخستنی زمانی نەبێت ، لە کاتێکدا زمانی کوردی وەک زمانێکی دەوڵەمەند ناسراوە بەڵام پەیوەندی بە بڕیار و بارودۆخە سیاسییەکانیشەوە هەیە[1].

زمان کە نیشاندەری ڕادەی هۆشیارییە و تاک لەڕێی چەند دەزگایەکەوە فێری ئەو زمانە دەبێت، یەکێک لەوانەش ناوەندەکانی پێگەیاندی کۆمەڵایەتین وەک سیستەمەی پەروەردە و فێرکردن لەڕێگەی خوێندنگاکان کە بەشێکی ژیاری و مانەوە و پێشکەوتن و خۆڕگری نەتەوەیە لەبەرئەوەی ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە دروستبوونی نەوەی پاشەڕۆژەوە هەیە، لەبەر ئەوە بۆ نەتەوەیەکی وەک نەتەوەی کورد یەکجار گرنگە کە سیستەمی پەروەردەکەی لەسەر کۆمەڵێک بنەمای زانستی و نەتەوەیی و شارستانەتی دەبمەزرێ، یەکێتی و یەکگرتووی و بەردەوامی نەتەوەکە بپارێزێت،  بەڵام ئەو زمانەی لە خوێندنگەکان بەکاردێت کەم و کوڕی هەیە لەڕووی لاوازی ئاستی ئەو زمانەی کتێبەکانی خوێندنی قوتابخانەکانی پێ نووسراوەتەوە، کە زمانێکی بێپێز و لە ئاستێکی لاوازدایە[2].زمان وەک بنەمای ناسیۆنالیزمی کوردی کە بەردەوام لە ئەولەویەتی  داواکاری پارت و ڕێکخراوە کوردییەکان بووە بەرامبەر لایەنی بێگانە. بەڵام نەبوونی زمانێکی یەکگرتوو  و جۆرو جۆری شێوەزارەکانی لە پرسی پەروەردە لە قوتانخانەکان ڕۆڵی نەرێنی بینیووە وەک پێوەرێکی گرنگی شوناسی نەتەوەیی لە هەرێمی کوردستان[3].

لە بەدواداچوونی وەزارەتی پەروەردە و  هەوڵەکانی بە گشتی بۆ گرنگیدان بە زمانی کوردی زیادکردنی بەشە وانەی خوێندنی زمانی کوردی لە خشتەی وانەکان. جگە لە خوێندنی زمانی کوردی لە قوتابخانەکانی تایبەت بەخوێندی پێهاتەکان. لەناو بابەتەکانی  وانەی زمانی کوردیش گرنگی بە بابەتە نەتەوەیی و نیشتمانییەکان دەدرێت کە کاردەکاتە سەر دروستکردنی شوناس لای قوتابی وەک یاد و بۆنە نیشتمانییەکان و ناساندنی کەسایەتییە دیارەکان ئەمانە لەلایەن مامۆستایان دەکرێت بە چالاکی بۆ قوتابییان[4]. بەڵام ئەمە لە قوتابخانە نێودەوڵەتییەکان بەهۆی پەیرەوکردنی سیستەمی تایبەت بەخۆیان و گرنگیدان بە زمانی ئینگلیزی کێشە لە فێربوونی زمانی کوردی دروستبووە بۆ قوتابیان بەجۆرێک قوتابی نەک تەنها لە قوتابخانە بەڵکو لەگەڵ هاوڕێ و لە ماڵەوەش بەزمانی ئینگلیزی دەدوێ کە کاریگەری لەسەر لاوزکردنی شوناسی نەتەوەیی کوردی و شوناسی نیشتیمانیش دەبێت[5].

سێیەم/  ئاڵای کوردستان و سروودی نەتەوەیی وەک سیمبوولی نیشتمانی

وەک ئاشکرایە ئاڵا و سروودی نەتەوەیی وەک دوو سیمبول و هێمای گرنگی هەموو بزاڤ و جوڵانەوەیەکی نەتەوەیی وێنای پاراستن و زیندوو ڕاگرتنی شوناسی نیشتمانی هەر کۆمەڵێک و نەتەوەیەک دەکات، کارکردی سەرەکی ئاڵا و سروود سەلماندنی ڕەسەنایەتی نەتەوەیە، لە ئاکامدا مافی نەتەوە بۆ دیاریکردنی چارەنووسی سیاسی خۆی. لە ساڵی ( ١٩٩٢) پەرلەمانی کوردستانی عێراق بڕیاریدا ( ئاڵای کوردستان) وەک ئاڵای فەرمی و نیشانە وهێمای پێکهاتەی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەسەرجەم دامودەزگاکانی حکومەتی هەڵبکات[6]. هێمای بەردەوام بوونی ژیان و زانست و هیواو ئومێدە.

---

[1]- پ.د شهاب شیخ طیب، دەربارەی زمانەوانی، چاپخانەی نارین، هەولێر، 2014, ل ( 176- 177).

[2]- فەرهاد شاکەلی، زمانی کوردی لە ئاستانەی سەردەمێکی تازەدا، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، چاپی 2، هەولێر، 2011، ل (58 و 59).

[3]- د.صالح عمر عیسی، د. احمد غمر پرور، شیکردنەوەی میکانیزمەکانی دروستبوونی دەوڵەتی کوردستان لە ڕوانگەی تیۆری مەیدانی یەکگرتوو، گۆڤاری یاساوڕامیاری، ژمارە (25)، زانکۆی سەڵاحەدین، هەولێر، کانوونی یەکەمی (2018) ل (521).

[4]- ئومێد عارف عزیز، مامۆستای زمانی کوردی لە قوتابخانەی ناحکومی، چاوپێکەوتن، 30|7|2025.

[5]- نیان عبدالله عزەت، سەرپەرشتیاری پەروەردە لە پەروەردەی ناوەندی هەولێر، جاوپیکەوتن، 26|7|2025.

[6]- سەعید شەمس، ڕەچەڵەکناسی ئاڵای کوردستان، گۆڤاری تیشک، ژمارە (55)، 2020، ل 31.

هەڵکردنی ئەم ئاڵایە شان بەشانی ئاڵای عێراق دەبێت لەو بۆنانەی ئاڵای عێراقی تێدا هەڵدەدرێت[1]. هەر چەندە سرووودی (ئەی ڕەقیب) ی شاعیری کورد دڵدار وەک سرووودی نیشتمانی کوردستان و لەبەشەکانی دیکەی کوردستانیش دانپێدانراوە، وە تاکو ئێستا لە چوارچێوەی یاسایەک ڕێکنەخراوە[2].

لە بەدواداچوونی توێژەر تێبینی دەکرێت لە قوتابخانەکان قوتابی فێری ناسینی ئاڵای کوردستان و مانای هێما و دروشمەکانی دەدرێت لەڕێگەی هۆنراوە و نمایشکردن و ئەنجامدانی چالاکی جۆراوجۆر، هەروەها هەفتانە هەڵکردنی ئاڵا و وتنی سرودی نیشتمانی ( ئەی رەقیب ) .

چوارەم/ یاد و بۆنەی نەتەوەیی و ئاینییەکان :

جەژنی نەورۆز / نەورۆز کە واتای ڕۆژی نوێ دەگەیەنیت، وەک جەژنێکی نەتەوەیی کورد و بایەخ و نرخ و گرنگی خۆی هەیە، لەو چوارچێوەیە دەقی گرتووە کە گەلی کورد بە سەرۆکایەتی (کاوەی ئاسنگەر) بەسەر (زوحاک)ی زۆردار سەرکەوتووە و لەناو بردووە، هەموو ساڵێک لەژێر سێبەری هەر هەلومەرجێکدا بێت لە خۆشی و ناخۆشی و ئاشتی و داگیرکاری یادی نەورۆز بە کردنەوەی ئاگر دەکرێتەوە لەلایەن نەتەوەی کورد و گەلانی ئاری نەژاد ی لە بیست و یەکی ئاداری هەموو ساڵێک[3]. پەرتوکەکانی خوێندن بۆ بنیاتنانی شوناسێکی هاوبەش و دروستکردنی شانازی و بیرەوەری هاوبەش جەخت لەسەر بۆنە نیشتمانی و نەتەوەیی کورد و کوردستانیان دەکات بەتایبەت کە بۆنەکان پشووی گشتییان بۆ تەرخان کراوە لە ڕۆژمێری ئێستای هەرێمی کوردستان [4].

٤-٢ فرە پێکهاتەیی لە هەرێمی کوردستان

یەکێک لە سیفەتەکانی مرۆڤایەتی جیاوازی کەلتووری مرۆڤەکانە جا بەهۆی مێژووی تایبەتیان یاخود ئەو خەسڵەتانەی جیایان دەکەنەوە لەوانی دیکە. کە فرە کەلتووری یاخود فرە پێکهاتەیی پەیدا دەکات لە چەمکە مۆدێرنەکانی کۆمەڵگە، کۆمەڵە کەلتوورییە فرە چەشنەکانی کۆمەڵگە دەگرێتەوە کە یەکێتی( الوحدة) لە چوارچێوەی ( فرە چەشنی ) یان هاوئاهەنگی ( انسجام) لە چوارچێوەی ڕێزگرتن لە جیاوازییەکان دێنێتە کایەوە کە هەوڵی دەوڵەت بۆ پاڵپشتی کردنی ئەم فرەییە بە سێ ئامراز دەبێت، ئەوانیش: یەکەمیان: دانپیدانان. دووەم:ڕێزگرتن. سێیەمیان پارێزگاریکردن[5]. هەوڵی گەڕان بەدوایی شوناسی نەتەوەیی هەموو جار بەمانی جوداخوازی و جیابوونەوە نایەت، بەڵکو هاوسەنگی وەفاداری کەمە نەتەوایەتییەکان بۆ حکومەتی ناوەندی جیاوازە و پەیوەستە بە شێوازی مامەڵەکردنی زۆرینە لەگەلیان، کە ئایا مەمەڵەکە مامەڵەیەکی یەکسان و لەسەر بنەمای ڕێزگرتن لە مافی کەسی و کەلتوور و زمانی یەکترە؟ یاخود بنەمای زۆرینە و کەمینەو سەرکوتکردنە[6]؟

---

[1]- ماددەی ( یەکەم و شەشەم ) لە یاسای ژمارە ( 14) ساڵی ( 1999) لە یاسای ئاڵای هەرێمی کوردستانی عێراق.

[2]- تارق جامباز، دەسپێکێک لەبارەی زمانپارێزی سیاسەتی زمانی کوردی لە هەرێمی کوردستان، گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی، چاپخانەی حاجی هاشم، ژمارەی ( 19)، هەولێر، ساڵی 2011، ل 301.

[3]- حلمي علي شريف،داستانی نەورۆز و نەورۆزی کوردستان، دار الحرية للطباعة، بغدا،1991, ل ( 13) .

[4]- د. شێرکۆ کرمانج و ژینۆ ڕۆژبەیان، شوناسی نەتەوەیی، خۆوێناکردن و ویناکردنی ئەوانیتر لە پەرتووکەکانی خوێندنی مێژوو لە قوتابخانەکانی هەرێمی کوردستان، گۆڤاری تیشک، ژمارە 56، 2020، ل 410.

[5]- بن عائشة نبيلة، التنوع الثقافي و المواطنة، مجلة البحوث والدراسات العلمية، العدد (1)، المجلد (15)، الجزائر 2021، ص 3.

[6]- دکتۆر بارزان شێخ جەعفەر شێخ عەلی، پەروەردە و خوێندن لە دیدی سەرۆک بارزانی، لە بڵاوکراوەکانی دەستەی ئینسکلۆپیدیای پارتی دیموکراتی کوردستان، 2024، ل ( 174).

هەرێمی کوردستانی عێراقیش یەکێکە لەو کۆمەڵگانەی فرە کەلتووری لەخۆی گرتووە بەجۆرێک دیمۆگرافیایی هەرێمی کوردستان بە فرەی نەتەوەیی و ئایینی ناسراوە بۆتە شوێنی دانیشتوانی زۆربەی پێکهاتەکان، لە ڕووی نەتەوەیی پێک دێن لە نەتەوەی کورد، عەرەب، تورکمان، سریان و ئاشور ، ئەمانە ئەو کەمینانەن لە ناوخۆی هەرێمی کوردستان دەژین لە ڕووی ئیتنییەوە لە دانیشتوانی ڕەسەنی هەرێمی کوردستان لەڕووی زمان. لەڕووی ئایینیشەوە ئەم گروپانە بیروباوەڕی جیاوازیان هەیە پێکدێن. هەندێک لەم گروپە جیاوازانە شوێنی نیشتەجێبوونی تایبەت بەخۆیان هەیە، مەرج نییە ئەمانە لەڕووی زمانەوە جیاوازبن. کە لایەنی دەرەکی زۆرجار ئەم فرەچەشنییە دەقۆزنەوە و دەیگۆڕن بۆ ململانێ، کە کاریگەری دروست دەکەن لەسەر یەکگرتن ( اندماج) و یەکگرتنی کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگەی هەرێمی کوردستان[1]. لە چوارچێوەی سیستەمی یاسایی هەریمی کوردستان گەرەنتی مافی پێکهاتەکانی کردووە لە ڕووی دانپێدانان و پاراستنی پێکهاتەکان لەسەر ئاست هەرێمی کوردستان و لەسەر ئاستی وڵاتی عێراقیش بە هەنگاوێکی گرنگ دادەندرێت لە مافی پێهاتەکانی هەرێمی کوردستان. بە شێوەیەکی ورد پێهاتەکانی لەڕووی نەتەوەیی و ئایینی پۆلێنکردووە[2]. حکومەتی هەرێمی کوردستان لە چوارچێوەی وەزارەتی پەروەردە ئامادەیی باشیان هەبووە لە گرنگیدان بە پێکهاتەکان،لە پەیکەری وەزارەتی پەروەردە دوو بەڕێوەبەرایەتی تایبەت بە پێکهاتەی ( سریان و تورکمان ) دیاریکراون کە ئەمەش بە هەنگاوی ئەرێنی دادەندرێت[3]. جگە لەوەش بە گوێرەی داتا فەرمییەکان لە هەرێمی کوردستان ( ٤٨ ) قوتابخانە هەیە کە خوێندن تێیدا بە زمانی سریانییە،( ١٦ ) قوتابخانەش بە زمانی تورکمانی دەخوێنن، لەگەڵ چەندین قوتابخانە کە بەزمانی عەرەبی دەخوێنن[4]. ، وەک لە بڕگەی هەشتەمی ماددەی (٣) لە یاسای پاراستنی مافی پێهاتەکان لە کوردستانی عێراقدا هاتووە(( حکومەتی هەرێم پابەند دەبێت بە پارێزگاریکردن لە زمانی دایک، لە ڕێگەکانی مسۆگەرکردنی فێربوونیان، ڕۆشنبیربوون )) هەروەها (( حکومەت کردنەوەی بەشی تایبەت بە زمانە نەتەوەییەکانی پێکهاتەکان لەزانکۆکانی کوردستان، و ئەکادیمییای زانستی زمانەوانی تایبەت بەخۆیان مسۆگەر دەکات))[5]

لە بنەما فەلسەفییەکانی سیستەمی پەروەردە و فێرکردن، تواناسازی و بونیادنانی تاکێکی کوردستانی خوێندەوار وشیار بە ئاڕاستەی گەشەپێدانی کۆمەڵگەیەک پابەند بە پرنسیپەکانی دیموکراتی و دادپەروەری کۆمەڵایەتی و یەکسانی نێوان هەردوو ڕەگەز، بوونی گیانی پێکەوە ژیانی ئاشتیانە و مرۆڤدۆستی و خۆشەویستی خاک و پاراستنی ژینگە. هەروەرها توانای تێگەیشتن و قبوڵکردنی دیدو بۆچوونی جیاواز و گەشەپێدانی گیانی ڕێزگرتن لە بەها نەتەوەیی و کۆمەڵایەتییە باڵاکانی کۆمەڵگەی کوردستانی لە پرۆسەی پەروەردەو فێرکردندا[6]. سیستەمی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان زیاتر لە وانەکانی بابەتە کۆمەڵایەتییەکان کە پێک دێن لە بابەتی جوگرافیا و مێژوو، هەروەرها وانەی کارامەیی و بەهای

---

[1]- حمید عبدالله صالح، واقع الاقليات ( المكونات ) القومية و الدينية في اقليم كوردستان العراق، گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی، ژمارە ( 59)، هەولێر، 2024، ل 638.

[2]- د. چواس حەسەن، چوارچێوەی یاسایی مافی پێکهاتەکان لە هەرێمی کوردستان، سەنتەری توێژینەوەی ڕوداو،2021، ل 15.

بەرواری سەردانیکردن ( 10|5|2025)

https://rudawrc.net/sorani/article/chwarchewey-yasayi-mafi-pekhatekan-le-heremi-kwrdstan-eraq

[3]- پ.ی.د.ئادەم بێدار، هەمەچەشنی و فرەیی لە هەرێمی کوردستان، بڵاوکردنەوەی ئینستتیوی تۆلێرانسی بێ سنوور، چاپی یەکەم، هەولێر، 2021، ل 124.

[4]- د. جەبار قادر ئەحمەد، فرە کولتووری و پەیوەندی بە ناسنامەوە: هەرێمی کوردستان بە نموونە، ناوەندی ڕۆشنبیری ڕەهەند، جاپی یەکەم، سلێمانی، 2023، ل 324.

[5] ماددەی( 3) لە یاسای ژمارە (5) ی لە یاسای پاراستنی مافی پێهاتەکان لە کوردستان- عێراق، ڕۆژنامەی وەقیعی کوردستان، ژمارە (188)، هەولێر، 2015، ل 17.

[6]- لیژنەیەک لە وەزارەتی پەروەردە، یاسای پەروەردە و فێرکردن لە هەرێمی کوردستان- عێراق، سەرپەرشتی چاپ، وەزارەتی پەروەردە،2023، ل 15.

کۆمەڵایەتی و بابەتەکانی وانەی زمانی کوردی وانەی ئایین کاری لەسەر نیشاندان و ناساندنی شوناسی نەتەوەیی کورد کردووە[1]. لەم چوارچیوەیەدا شیکردنەوە بۆ پێکهێنەرەکانی سیستەمی پەروەردە دەکەین لەمانەی خوارەوە

٤- ٣ پڕۆگرامەکانی خوێندن: پڕۆگرمی خوێندن ( منهج) بە فاکتەرێکی گرنگ و سەرەکی دادەندرێت و چەقی فێرکردنە، کە لەلایەن حکومەتەوە بتوانێت سیاسەتەکانی خۆی بە ئەنجام بگەیەنێت، پاشان لەڕێی پەرتوکی خوێندن دەخرێتە بەردەستی مامۆستایان و قوتابیان، دواجار بە گوێرەی ئامانجە بەدەستهاتووەکان پێشبینی دەکرێت کە چ جۆرە تاک یان هاوڵاتییەکان بەرهەم هاتووە[2]. لە کۆنگرەی پەروەردەی ساڵی (٢٠٠٧) وەزارەتی پەروەردە باس لە فەلسەفەی پەروەردە دەکات کە دەبێت لەسەر بنەمای چەسپاندنی بیری مرۆڤایەتی و نەتەوایەتی و نیشتمانی دابڕێژرێت و لە پڕۆگرمەکانی خوێندن ڕەنگ بداتەوە. کار بکرێت بۆ لابردن و کەمکردنەوەی چڕ و پڕی بابەتەکانی خوێندن هەروەها بەجۆرێک پڕۆگەمەکانی خوێندن دابڕێژرێت کە کار بۆ چەسپاندنی خۆشەویستی خاک و وڵات بکات ، جگە لەوەی دەبێت پەیوەندی لە نێوان پڕۆگرامەکانی خوێندنی هەموو قۆناغەکان هەبێت. جگە لە هەبوونی پەیوەندی و زیادکردنی ڕۆڵی ( کۆڕی زانیاریی کوردستان) بە مەبەستی یەکخستنی زاراوەی پەرتووکەکانی خوێندن[3].

لە وانەی بابەتە کۆمەڵایەتییەکان کە لە پۆلی ( چوار هەتاکو پۆلی نۆ ) دەخوێندرێت لە دوو بەش پێک دێت بەشی یەکەم لە وەرزی یەکەمی خوێندن دەخوێدرێت بابەتی مێژوو لەخۆ دەگرێت. کە باس لە مێژووی کوردستان دەکات لە سەدەکانی پێش زایین هەتاکو سەردەمی ئێستا. هەوڵدراوە لە ڕێگەیەوە قوتابیان ئاشنا بکات بە مێژووی نەتەوەیی کورد و خەباتی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی. لەوەرزی دووەمی خوێندن بابەتی جوگرافیا دەخوێندرێت بەگشتی گرنگی دراوە بە جوگرافیای کوردستان و عێراق ناساندنی سنوورەکان، شوێنەوارەکان، شوێنە ئاینییەکان و شوێنە گەشتیارییی، پیشەسازی و بازرگانییەکان. جگە لە گرنگیدان بە زمانی کوردی هەوڵدراوە بە چاپکردنەوەی پەتووکی خوێندن بە شێوازی نوێ و نووسینەوەیان بە ڕێنووسی دروست ، هەروەها ئەنجامدانی هەڵسەنگاندی زمانی کوردی لە پۆلەکانی ( پێنجەم و هەشتەم ) ی بنەڕەتی بەمەستی هەڵسەنگاندی ئاستی زمانی کوردی قوتابییان[4]. بەڵام ئەمە بەمانای چارەسەرکردنی گرفتی زمانی کوردی نایێت لە ناوەندەکانی خوێندن کە لەپاڵ زمانی کوردی، زمانی ئینگلیزی لە پۆلی یەکەمی بنەڕەتی و زمانی عەرەبی لە پۆلی چوارەمی بنەڕەتی دەخوێندرێت. لە قوتابخانە ناحکومییەکانیش وانەکانی زانست و بیرکاری لە پۆلی یەکەمەوە بە زمانی ئینگلیزی دەخوێندرێت، تەنانەت لە هەندێک لە قوتابخانە نموونەییە حکومییەکانیش بەوشێوەیە. ئەمەش لەسەر ئەوە بنەمایەی کە زمانی زانست لەسەردەمی ئێستادا زمانی ئینگلیزییە. بەڵام بەنگەشەکارانی زمانی کوردی پێیان وایە خوێندن بە زمانی کوردی ئاسناکاریەکی زیاتر دەکات بۆ دەستکەوتنی زانیاری و پڕۆسەی فێرکردنی زانستی بەزمانی کوردی کە زمانی زۆربەی دانیشتوانی هەرێمی کوردستانە جێژبەخش دەکات، قوتابییان باشتر بەشداری دەکەن لەگەڵ مامۆستاکان و تێگەیشتنیان بۆ بابەتەکە زیاتر دەبێت. هەروەها لە بەریەککەوتنی کەلتوورەکان کە منداڵ ڕووبەرووی دەبیتەوە کاریگەرییەکەی کەمتر دەکاتەوە، هەستکردن بە شوناسی نەتەوەیی و لەکۆمەڵگە زیاد دەکات[5]. هەروەها نەبوونی زمانی ستانداردی کوردی کە ڕەچاوی هەموو شێوەزارەکان بکات لەبەکارهێنانی وشەی ڕەسەن بەرامبەر وشە بیانییەکان، کاریگەری

[1]- چنار سەعد عەبدوڵا، پەروەردە و نەتەوایەتی: لێکۆڵینەوەیەکی سۆسۆلۆژی مێژووییە، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر- هەرێمی کوردستانی عێراق، 2010، ل (185).

[2]- حسین اسماعیل عەلی، بنەماکانی دانانی پڕۆگرامی خوێندن، Journal of university of Garmian، vol 9(2)، 2022 .

[3]- ڕاسپاردەکانی کۆنگرەی پەروەردەیی، وەزارەتی پەروەردە، چاپخانەی وەزارەتی پەروەدە، هەولێر، 2007، ل (1 و 2)

[4]- حەسەن سەرتیپ جاف، بەڕیوەبەری گشتی پرۆگرامەکان و چاپەمەنی وەزارەتی پەروەردەی هەرێمی کوردستان ، هەولێر، چاوپێکەوتن، لە بەرواری 27|5|2025

[5]- ئازاد عزیز سلێمان، ناسنامە و زمانی فێرکردن لە هەرێمی کوردستاندا، گۆڤاری زانکۆی ڕاپەڕین، 2022, ل( 511و 515)

Doi: 10.26750/Vol(9).No(5).Paper23

لەسەر دانان و نووسینی پەرتووکی قوتابخانەکان کردووە لە بەتایبەت لە بەکارهێنانی دەستەواژە زانستییەکان، ڕاستە زمانی کوردی دەوڵەمەندە لە بوونی وشەی هاومانا بەڵام ئەوە ڕستییەکی نەشاراوەیە کە هەژارە لە هەبوونی دەستەواژەی زانستی[1].

جگە لەمانەش لە هەوڵەکانی وەزارەتی پەروەردە بۆ بەرەوپێشچوونی پرۆسەی پەروەردە وفێرکردن دانانی پەرتووکی کارامەیی و بەها کۆمەڵایەتییەکان کە وانەیەکی نوێیە ئێستا لە قوتابخانەکان دەخوێندرێت تاقیکردنەوەی نییە ئەمر وانیە بە لەبەرچاوگرتنی دەستپێشخەری نەتەوە یەکگرتووەکان و ڕێکخراوی یونسیف داندراوە، لە چوار بەش پێک دێت ( بەشی یەکەم : هاوڵاتیبوون، بەشی دووەم : مافەکان ، بەشی سێیەم : کارامەییەکان، بەشی چوارەم : بەهاکان )کە گرنگی بە بابەتە خێزانی و کۆمەڵایەتییەکانی ناو کۆمەڵگە دەدات. جەخت لەسەر بەها باڵاکانی وەک خۆشویشتن، ڕێزگرتن لە جیاوازییەکان، پێکەوەژیان، بەپرسیاریەتی، لێبوردەیی و تەبایی دەکاتەوە، بە ئامانجی ئەوەی ئەو بەهایانە ببن بە بەشێک لە ڕەفتار و ئاکاری قوتابییان[1].

[1]- جەمال نەبەز، زمانی یەکگرتووی کوردی، چاپی دووەم، چاپخانەی جەنگەڵ، بڵاوکردنەوەی ناوەندی ڕۆشنبیری جەمال نەبەز، تاران، 2023، ل 46-47.

ISSN-Print: 2079-3901
ISSN-Online: 3005-396X

٤- ٤ ڕۆڵی ژینگەی خوێندن : ئەو گرفتانەی لە قوتابخانەکانی هەرێمی کوردستان بوونیان هەیە جۆراوجۆرن ، خوێندن لە ژینگەیەکی نالەبار و نەگونجاوە ژمارەیەکی بەرچاوی قوتابخانەکان بیناکانیان کۆنن و بە کەڵکی خوێندن نایەن تەنانەت هەندێک لە بیناکان مەترسی ڕوخانیان لێدەکرێت، ئەو قوتابخانانەی کە تازەش دروست دەکرێن بەهۆی چاودێری نەکردنیان یاخود گەندەڵی بێت هۆڵێکی هونەری و یاریگایەکی وەرزشی گونجاوی تێدا نییە. یاخود زۆرجار هۆڵی کۆمپیوتەر و هۆڵی تاقیگە دەکەن بە کۆگا یانیش دەیکەن بە پۆل بەهۆی نەبوونی جێگا. جگە لەوەی بە پێی سیستەمی نوێی خوێندن پێویستە هەر بینایەک یەک قوتابخانە تێیدا دەوام بکات بۆئەوەی کاتی پێویستی دەوامکردن دیاریبکرێت، بەڵام هەر بینایەک چەند قوتابخانەیەک دەوامی تێیدا دەکەن. دەبێت قوتابخانەکان موڵکی حکومەت بن نەک لە کرێ دابن . جگە لەوەی جیاوازی زۆر بەدی دەکرێت لە نێوان قوتابخانەی شارەکان گوندەکان، لەڕووی بینا و کەلوپەل و مامۆستاوە کە ئەمانە لەگەڵ سیستەمی تازە وێک نایەتەوە ناتواندرێت سیستەمەکە وەک خۆی جێبەجێ بکرێت، ئەمەش دەبێتە گرفت لەبەردەم قوتابیان کە هەست بە ئینتما و دڵسۆزی بکەن بۆ قوتانخانەکەیان یان هاوسۆزبن بۆ فێربوون لەو بابەتانەی لە قوتابخانە فێری دەبن[1] .

٤- ٥ ڕۆڵی مامۆستایان : وەک یەکێک لە پێکهێنەرە بنەرەتییەکانی سیستەمی پەروەردە و فێرکردن دادەندرێت، ڕۆڵی سەرەکی دەبینێت لە بەدیهێنانی ئامانج و فەلسەفەی پرۆسەی پەروەردە ، کاریگەری و ڕەنگدانەوەی دەبێت لەسەر فێرخوازان. ئەو گرفتانەی ڕووبەڕووی مامۆستیان دەبیتەوە زۆرن وەک:

ا/ کەمی و زۆری مامۆستای میلاک: هەرچەندە ژمارەی مامۆستایان زۆرە لە هەرێمی کوردستان بە بەراوورد لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ و لەگەڵ ستانداردی نێودەوڵەتی کە هەر مامۆستایەک (٢٥) قوتابی بەردەکەوێت بەڵام لە هەرێمی کوردستان (١٧) قوتابی بەردەکەوێت. بەڵام لەگەڵ ئەوەش هێشتا ژمارەی مامۆستا کەمە، ئەمەش بۆئەوە دەگەڕێتەوە کە لەگەڵ هەبوونی زۆری ژمارەی مامۆستایان لە هەرێمی کوردستان بە ڕێژەیەکی زۆر ، بەڵام بەهۆی ناڕێکی لە دابەشبوونیان کێشەی بۆ قوتابخانەکان دروستکردووە، وایکردووە هەندێک لە قوتابخانەکان بەدەست کەمی مامۆستاوە بناڵێنن، هەندێک قوتابخانەش کێشەی زیادی مامۆستایان هەبێت.

ب/ گرفتی دامەزراندن: وەک ئاشکرایە لە ساڵی (٢٠١٤) دامەزراندن لە هەرێمی کوردستان وەستاوە، ئەوانەشی دامەزراون بە گرێبەست یاخود بە شێوەی وانەبێژ. تا ئاستێکیش دامەزرادن گۆڕانی بەسەردا هاتووە بەڵام هەتاکو ئێستاش کێشە لە دامەزراندنی مامۆستایان دا هەیە، کە دەستێخستنی حزبی و بەرپرسان ڕۆڵییان هەیە لە دامەزراندن و ناڕێکی میلاک لە لێدوانی وزیری پەروەردە ئاماژە بەوە دەکات کە هەرێمی کوردستان پێویستی بە (١٠ هەتا ١٥) هەزار مامۆستای دیکە هەیە. جگە لەمانەش دامەزراندنی مامۆستا دەبێت بە پێی پێویستی و پسپۆڕی بابەت بێت، بەڕێوبەرایەتییەکان لەڕێگەی ئاماری ساڵانەیان پلان دابنێن کام پسپۆڕییان پێویستە .

د/ نەبوونی خولی ڕاهێنان بۆ مامۆستایان: ڕۆشبیری مامۆستا بە یەکێک لە کۆڵەکەکانی بەهێزبوونی سیستەمی پەروەردە دادەندرێت لە هەر وڵاتێک بێت، لە هەرێمی کوردستانیش بە هۆی گۆڕنکاری لە پرۆگرامەکانی خوێندن و ئەو پرۆگرامانەش هەر لەلایەن هەمان مامۆستیانی پێشوو دەوترێتەوە ئەمەش پێکدادان دروست دەکات کە مامۆستا نەتوانێت وەک پێویست ئەو پرۆگرامە نوێنانە بڵێتەوە کە تازەن یاخود لەزمانی کوردی گۆڕاون بۆ زمانی ئینگلیزی، هەر ئەمەش وادەکات وانەکان بەشێوەیەکی سەرکەوتوو ئامانجی خۆیان نەپێکن. زەرەرمەندی سەرەکێش لەو نێوەندەدا قوتابیانن. هەرچەند ساڵانە وەزارەت کۆمەڵێک کەس بەناوی بەشداریکردن لە خول دەنێردێنە دەرەوەی وڵات بەڵام کاریگەریەکی ئەوتۆیان نیە لەسەر پرۆسەی پەروەردە. بۆیە ئەرکی سەر شانی وەزارەتە کە بەردەوام خول بکاتەوە بۆ

[1]- پەرتووکی کارامەیی و بەها کۆمەڵایەتییەکان، پۆلی چوارەمی بنەڕەتی ، وەزارەتی پەروەردە، هەولێر،2020، ل 8.
2- ڕاپۆرتی هەڵسەنگاندنی ڕەوشی پەروەردە لە کابینەی هەشتەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان ، پەروەردە لەبەردەم ئاڵنگاری و گرفتی چارەنەکراودا، ئینستتیوتی پەی بۆ پەروەردە و گەشەپێدان، 2019 ، ل (24-25).

مامۆستایان کە بتوانن زانیارییەکانیان نوی بکەنەوە و ڕابهێندرێن لەسەر شێوازی وانەوتنەوەی سەردەمیانە، ئەمەش بە سوود بینین لە ئەزموونی کەسانی پسپۆڕ یاخود هێنانی کەسانی بیانی شارەازا بە چاودێری وەزارەت.

ج/بڕینی موچە و جیاوازی لە دەرماڵە مامۆستایان: جیاوازی لە موچەی بنەڕەتی و دەرماڵەی مامۆستایان لەسەرجەم شار وشارۆچکەکانی کوردستان بێ گومان نارەزایی مامۆستایانی لێ دەکەوێتەوە بەتایبەت کە موچەی مامۆستایان لە وڵاتانی دیکە زیاترە لە مامۆستایانی هەرێمی کوردستان، سەرباری ئەمەش بەهۆی قەیرانی دارایی و بڕینی بودجەی هەرێمی کوردستان لەلایەن حکومەتی عێراق مامۆستایان توشی لێبڕینی موچە و دواکەتنی وەرگرتنی موچە بوونەتەوە. کە ئەمەش کاریگەری زۆری دەبێت لەسەر تەندروستی دەروونی مامۆستا و کەمبوونەوەی گرنگی پێدان بە دەوامکردن و شێوازی دەرس وتنەوە و مامەڵە کردنی لەگەڵ قوتابیان و ستافی کارگێری قوتابخانە. کە لەئەنجامی نەبوون و دواکەوتنی موچە بەشێکی زۆری مامۆستایان بایکۆتیان ڕاگەیاند بەتایبەت لە سنووری پارێزگاکای سلێمانی و هەڵەبجە و ئیدارەی گەرمایەن و ڕاپەڕین بەشێوەیەکی ئاشکرا، لە پارێزگاکانی هەولێر و دهۆکیش نارەزایی هەبووە بەڵام بایکۆتیان ڕانەگەیاندووە، نەبوونی و کەمبوون ودواکەوتنی موچە و بایکۆت بۆتە گرفتێکی جەند ساڵەی پرۆسەی پەروەردە و پەککەوتنی دەوامی قوتابخانەکان کە بێ بەشبوونی قوتابیان لە خوێندن، کە ئەمەش دەبێتە قیران و کاریگەری نەرێنی دەبێت لەسەر تەواوی پرۆسەی خوێندن و ئاستەنگ دروست دەکات لە بەدیهێنانی ئامانجەکانی سیستەمی پەروەردە لە هەرێمی کوردستان[1].

مامۆستایان وەک پێشەنگ و سەرمەشقی پرۆسەی پەروەردە سەرەڕای هەبوونی دڵسۆزی زۆریان بۆ فێرکردن و پەروەردەکردنی قوتابییان بەڵام ئەو گرفتانەی ڕووبەڕوویان دەبێتەوە وایکردووە تواناکانیان سنووردار‌بێت. مامۆستا بەهۆی خەمی دابینکردنی بژێوی ژیان بەهۆی بێ مووچەیی و بریندارکردنی هەستی لە کاتی داواکردنی مافەکانی و هەموو ئە گرفتانەی لەسەرەوە خراونەتەڕوو، ناتوانێت ئەرکەکانی سەرشانی بەشێوەیەکی باش بەجێ بگەیەنێت ئەمەش کاریگەری دەبێت لەسەر بەدیهێنانی تەواوی ئامانجەکانی سیستەمی پەروەردە نەک تەنها بونیادنانی شوناسی نیشتمانی[2].

٤-٦ قوتابیان : ئەو کەسەیە کە لە قوتابخانەی بنەڕەتی ناونووس کراوە و بەردەوامە لە خوێندن. خوێندکار ئەو کەسەیە کە لە خوێندنگەی ئامادەیی یان بەشی ئامادەیی کۆمەڵگەی پەروەردەیی یان پەمانگەکانی پەروەردەیی پیشەیی ناونووس کراوە و بەردەوامە لە خوێندن، دەوامکردن لە بارودۆخی ئاسایی دەبێت بەلانیکەم لە ساڵێکی خوێندندا (١٧٠) ڕۆژ لەخۆبگرێت. لە هەر هەفتەیەک (٥) ڕۆژی خوێندن و هەر ڕۆژێکیش (٤) کاتژمێر کەمتر نەبێت[3]. هەموو هەوڵی سیستەمی پەروەردە بۆ پەرورده و فێرکردنی قوتابیانە بەو شێوەییەی کە پلانی بۆداندراوە، دەستکەوتنی ئەنجامەکانیش لە ڕێگای قوتابییانەوە دەستدەکەوێت کە تا چەند ئەوەی لە پرۆگرامەکانی خوێندن و ژینگەی خوێندن و مامۆستایان ئامادەکراوە، ئەوان سوودیان لێوەرگرتووە بووەتە بەشێک لە شوناس لەلای قوتابیان[4]. بەڵام ئەوەی هەست پێدەکرێت بەو شێوەیە نییە کە دەبیندرێت قوتابییان کەمتر وەڵامدانەوەیان بۆ فێربوون لە ناوەندەکانی خوێدن هەیە[5]. هەبوونی گرفتەکانی سیستەمی پەروەردە

---

[1]- ڕاپۆرتی هەڵسەنگاندنی رەوشی پەرورده لە کابینەی هەشتەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان، سەرچاوەی پێشوو،ل ( 53 و 54و 55).

[2] -عبدالواحد محمد حاجی، سەرۆکی یەکێتی مامۆستایانی کوردستان، جاوپێکەوتن، 22|7|2025.

[3]- ماددەی ( 1 و 27) لە یاسای ژمارە ( 13) ی ساڵی ( 2022) یاسای پەروەردە و فێرکردن لە هەرێمی کوردستان- عێراق.
https://legislation.krd/law-detail/?id=5824

[4]- حەسەن سەرتیپ جاف، بەڕیوەبەری گشتی پرۆگرامەکان و چاپەمنی وەزارەتی پەروەردەی هەرێمی کوردستان ،سەرچاوەی پێشوو.

[5]- عدنان مجید محمد، شیکرنەوەی یەکەکانی پرۆگرامی پەروەردەی مەدەنی و پەیوەندی بە پێگەیاندنی سیاسی لە هەرێمی کوردستان-عێراق: قۆناغی بنەڕەتی خوێندن وەک نموونە. نامەی ماستەر، کۆلێژی یاسا و زانستە سیاسیەکان، زانکۆی سەلەحەدین، هەولێر، 2016، ل 218.

بەتایبەتی و گرفتە سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتیەکانی هەرێمی کوردستان ڕۆڵی دەبێت لەسەر فێرکردنی قوتابیان و ئاستی وەڵامدانەوەیان بۆ وەرگرتنی بەهاکان[1]. جیا لەوەش قەیرانی دارایی و خراپی ڕەوشی بژێوی ژیانی خێزانەکان کاریگەری نەرێنی دەبێت لەسەر لە قوتابییان و پابەندبوونییان بە ئەرکەکانیان بەمەش لێکەوتەی لەسەر ناوەندەکانی خوێندن دەبێت وەک وێستگەیەکی پێگەیاندنی سیاسی.

دەرئەنجام

1. لە دەرئەنجامی توێژینەوەکە دەرکەوێت کە، سیستمی پەروەردەیی لە هەرێمی کوردستان سەرەڕای هەوڵەکانی بۆ بەرەوپێشبردنی شوناسی نیشتمانی، بەڵام هێشتا ڕووبەڕووی ئاستەنگ دەبێتەوە لە گەیشتن بەو کاریگەرییە خوازراوە لەسەر هۆشیاری و سەربەخۆیی قوتابیان. لە لایەکی دیکەوە قەیرانی دارایی، خراپی ژینگەی قوتابخانە زۆرێک لە قوتابخانە حکومییەکان و گرفتی مامۆستایان کاریگەری نەرێنی لەسەر ئەرک و پابەنبوونە نیشتمانی و نەتەوەییەکان هەیە.

2. هەرچەندە لە پرۆگرامەکانی خوێندن لە بابەتە کۆمەڵایەتییەکان جەخت لەسەر چەمکەکانی نیشتمانپەروەری و خۆشویستن و بەرگریکردنی نیشتمان و پاراستنی خاک و ژینگەی کوردستان کراوەتەوە کە بە ناوەڕۆکی شوناسی نیشتمانی دادەندرێن، بەڵام ئەمە زیاتر بەشێوەی تیۆری ماوەتەوە لەناو پرۆگرامەکانی خوێندن نەک وەک بابەتێکی پراکتیکی و کرداری.

3. گرنگیدان بە مافی کەمینەکان لەناو سیستەمی پەروەردەدا لە هەرێمی کوردستان، ئەمەش بەشێکە لە هەوڵەکانی حکومەت بۆ بەهێزکردنی بەهاکانی فرەیی کەلتووری و سەربەخۆیی نەتەوەیی. لە چوارچێوەی دەرکردنی یاسایی تایبەت بە مافی پێهاتەکان کە جەخت لەسەر پاراستنی مافەکانیان، و خوێندن بەزمانی خۆیان دەکاتەوە. ئەمانەش ڕێگەخۆشکەردەبن لە بنیاتنانی شوناسێکی یەکگرتووی نیشتمانی.

4. گرنگیدان بە زمانی کوردی لەڕێگەی ئەنجامدانی هەڵسەنگاندی گشتی بۆ پۆلەکانی( ٥ و ٨ ) بنەڕەتی لە قوتابخانەکان بەمەستی هەڵسەنگاندی ئاستی زمانی کوردی لەسەرجەم قوتابخانەکانی حکومی و ناحکومی . بەڵام لەگەڵ ئەوەش قوتابی بەتایبەت لە قوتابخانە نێودەڵەتییەکان کێشەی فێربوون و قسەکردن بە زمانی کوردیان هەیە.

5. سەرەڕای گرنگی تیۆرییانەی ئەم هەوڵانە، بەڵام وەڵامێکی کاریگەر لەلایەن قوتابیانەوە بەدی ناکرێت، ئەمەش ئاماژەیە بۆ کاریگەرییە پراکتیکییە سنووردارەکانی پرۆگرامەکان لە داڕشتنی شوناسی نیشتمانیدا. ئەم کەموکوڕییە دەگەڕێتەوە بۆ چەند هۆکارێک، دیارترینیان لاوازی کارلێکی نێوان ناوەڕۆکی پەروەردەیی و واقیعی قوتابیان، لەگەڵ کەموکوڕی لە شێوازەکانی وانەوتنەوە و ناتەواوی لێهاتوویی پەروەردەیی بۆ چالاککردنی ڕۆڵی شوناس لە چوارچێوەی پرۆسەی پەروەردەیی.

لیستی سەرچاوەکان:

به زمانی کوردی

یەکەم: کتێب


- ئەحمەد شەبانی، فەرهەنگی زانستی سیاسی، دانشگاء کردستان، سنە، 2010 .


[1]- عبدالواحد محمد حاجی، سەرۆکی یەکێتی مامۆستایان، چاوپێکەوتن، سەرچاوەی پێشوو.

- ئادەم بێدار، هەمەچەشنی و فرەیی لە هەرێمی کوردستان، بڵاوکردەنەوەی ئینستتیوی تۆلێرانسی بێ سنوور، چاپی یەکەم، هەولێر، 2021 .
- بارزان شێخ جەعفەر شێخ عەلی، پەروەردە و خوێندن لە دیدی سەرۆک بارزانی، لە بڵاوکراوەکانی دەستەی ئینسکلۆپیدیای پارتی دیموکراتی کوردستان، 2024 .
- پەرتووکی کارامەیی و بەها کۆمەڵایەتییەکان، پۆلی چوارەمی بنەڕەتی ، وەزارەتی پەروەردە، هەولێر،2020.
- جەبار قادر ئەحمەد، فرە کولتووری و پەیوەندی بە ناسنامەوە: هەرێمی کوردستان بە نموونە، ناوەندی ڕۆشنبیری ڕەهەند، چاپی یەکەم، سلێمانی، 2023 .
- جەمال نەبەز، زمانی یەکگرتووی کوردی، چاپی دووەم، چاپخانەی جەنگەڵ، بڵاوکردنەوەی ناوەندی ڕۆشنبیری جەمال نەبەز، تاران، 2023.
- چنار سەعد عەبدوڵا، پەروەردە و نەتەوایەتی: لێکۆڵینەوەیەکی سۆسۆلۆژی مێژووییە، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر- هەرێمی کوردستانی عێراق، 2010 .
- ڕاسپاردەکانی کۆنگرەی پەروەردەیی، وەزارەتی پەروەردە، چاپخانەی وەزارەتی پەروەدە، هەولێر، 2007 .
- شهاب شیخ طیب، دەربارەی زمانەوانی، چاپخانەی نارین، هەولێر، 2014 .
- شێرکۆ کرمانج، شناسی عێراق ململانێی نەتەوەیی و مەزهەبییەکان، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، 2017 .
- فەرهاد شاکەلی، زمانی کوردی لە ئاستانەی سەردەمێکی تازەدا، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، چاپی 2، هەولێر، 2011 .
- لیژنەیەک لە وەزارەتی پەروەردە، یاسای پەروەردە و فێرکردن لە هەرێمی کوردستان- عێراق، سەرپەرشتی چاپ، وەزارەتی پەروەردە،2023 .
- مەسعوود محەمەد، هەندێ بابەتی زمان و ڕێنووسی کوردی، دەزگای چاپ و بڵاوکردەنەوەی ئاراس، هەولێر، 2011 .
- هەژار موکریانی، فەرهەنگی هەمبانە بۆرینە، چاپی یەکەم، سروش، تاران، 1369 .


دووەم: توێژینەوەی زانستی


- ئازاد عزیز سلێمان، ناسنامە و زمانی فێرکردن لە هەرێمی کوردستاندا، گۆڤاری زانکۆی ڕاپەڕین، 2022.
  Doi: 10.26750/Vol(9).No(5).Paper23
- ئۆفرا بەنگیو، وەدەستهێنانەوەی ناسنامەی نەتەوایەتی لە کتێبە دەرسییەکانی قۆناخی سەرەتایی قوتابخانە کوردییەکاندا، وەرگێر: ئیبراهیم ساڵح راد، گۆڤاری تیشک، ژمارە( 57) ، 2020 .
- ئیدریس عەبدوڵڵا مستەفا، واقیعی زمانی کوردی لە نێوان پێوەرەکانی زمانی زیندوو و ئەو هۆکارانەی زمان دەمرێنێت، گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی، ژمارەی ( 22) ، هەولێر، ساڵی 2012 .
- تارق جامباز، دەسپێکێک لەبارەی زمانپارێزی سیاسەتی زمانی کوردی لە هەرێمی کوردستان، گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی، ژمارەی ( 19)، هەولێر، ساڵی 2011 .
- جاجان جمعة محمد و رشید حسین احمد، تطور مفهوم الهوية القومية لدى الطفل الكردي، گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی، ژمارەی ( 16) ، هەولێر، ساڵی 2010 .
- حسین اسماعیل عەلی، بنەماکانی دانانی پرۆگرامی خوێندن، Journal of university of Garmian، vol 9(2)، 2022 .
- حمید عبدالله صالح، واقع الاقلیات ( المکونات ) القومیة و الدینیة في اقلیم کوردستان العراق، گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی، ژمارە ( 59)، هەولێر، 2024،

- ڕاپۆرتی هەڵسەنگاندنی ڕەوشی پەروەردە لە کابینەی هەشتەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان، پەروەردە لەبەردەم ئاڵنگاری و گرفتی چارەنەکراودا، ئینستتیوتی پەی بۆ پەروەردە و گەشەپێدان، 2019 .
- سەعید شەمس، ڕەچەڵەکناسی ئاڵای کوردستان، گۆڤاری تیشک، ژمارە(55)، 2020 .
- شێرکۆ کرمانج و ژینۆ ڕۆژبەیان، شوناسی نەتەوەیی، خوێناکردن و ویناکردنی ئەوانیتر لە پەرتووکەکانی خوێندنی مێژوو لە قوتابخانەکانی هەرێمی کوردستان، گۆڤاری تیشک، ژمارە 56، 2020 .
- صالح عمر عیسی، د. احمد غم پرور، شیکردنەوەی میکانیزمەکانی دروستبوونی دەوڵەتی کوردستانلە ڕوانگەی تیۆری مەیدانی یەکگرتوو، گۆڤاری یاساوڕامیاری، ژمارە (25)، زانکۆی سەڵاحەدین، هەولێر، کانوونی یەکەمی (2018) .
- هاوکار رسول محمد و ئەمین فەرەج شەریف، تیۆری شوناس لای فرانسیس فۆکۆیاما، گۆڤاری زانکۆ بۆ زانستە مرۆییەکان، زانکۆی سەڵاحەدین-هەولێر، هەولێر، بەرگی (29)، ژمارە (SpA)، 2025. https://doi.org/10.21271/zjhs.29.SpA.10

سێیەم: نامەی ماستەر

- عدنان مجید محمد، شیکرنەوەی یەکەکانی پرۆگرامی پەروەردەی مەدەنی و پەیوەندی بە پێگەیاندنی سیاسی لە هەرێمی کوردستان _ عێراق: قۆناغی بنەڕەتی خوێندن وەک نموونە. نامەی ماستەر، کۆلێژی یاسا و زانستە سیاسیەکان، زانکۆی سەلەحەدین، هەولێر، 2016.

چوارەم: یاساکان

- یاسای ژمارە ( 13) ی ساڵی ( 2022) یاسای پەروەردە و فێرکردن لە هەرێمی کوردستان- عێراق .
- یاسای ژمارە ( 14) ساڵی ( 1999) لە یاسای ئاڵای هەرێمی کوردستانی عێراق.
- یاسای ژمارە (5) ی لە یاسای پاراستنی مافی پێهاتەکان لە کوردستان- عێراق، ڕۆژنامەی وەقیعی کوردستان، ژمارە (188)، هەولێر، 2015.

پێنجەم: چاوپێکەوتنی کەسی

- ئومێد عارف عزیز، مامۆستای زمانی کوردی لە قوتابخانەی ناحکومی، چاوپێکەوتن، 30|7|2025.
- حەسەن سەرتیپ جاف، بەڕیوەبەری گشتی پرۆگرامەکان و چاپەمەنی وەزارەتی پەروەردەی هەرێمی کوردستان ، هەولێر،
چاوپێکەوتن، لە بەرواری 27|5|2025
- عبدالواحد محمد حاجی، سەرۆکی یەکێتی مامۆستایان، جاوپێکەوتن، 22|7|2025.
- شێرکۆ کرمانج، مامۆستای زانکۆی کۆیە، چاوپێکەوتن،9|7|2025.
- نیان عبدالله عزت، سەرپەرشتیاری پەروەردەیی پسپۆڕی زمانی ئینگلیزی لە پەروەردەی ناوەندی هەولێر، چاوپیکەوتن، 26|7|2025.

بە زمانی عەرەبی

الاول: الكتب

- اميل دوركهايم، التربية والمجتمع،ترجمة علي أسعد وطفة، دار المعد للطباعة والنشر، ط5، دمشق ، 1996.
- أنتوني غدنز، علم الاجتماع( مع مدخلات عربية)، ترجمة د. فايز الصياغ، مؤسسة ترجمان المنظمة العربية للترجمة، الطبعة الرابعة، بيروت، 2005 .
- جابريل ايه. الموند و جي بنجهام باويل، السياسات المقارنة في وقتنا الحاضر، ترجمة: هشام عبدالله، الطبعة الاول، لدار الاهلية للنشر والتوزيع، عمان، 1998.
- جلال الدين سعيد: معجم المصطلحات والشواهد الفلسفية، دار الجنوب ، تونس، 2004 .

ISSN-Print: 2079-3901
ISSN-Online: 3005-396X


- جون ديوي، المدرسة والمجتمع، ترجمة د. أحمد حسن الرحيم، دار مكتبة الحياة، ط 2، بيروت، لبنان ، 1978.
- حلمي علي شريف،داستانى نەورۆز و نەورۆزى كوردستان، دار الحرية للطباعة، بەغدا،1991.
- صادق الأسود، علم الاجتماع السياسي اسسه و ابعاده، وزارة التعليم العالي والبحث العلمي، جامعة بغداد، 1990.
- صمويل ب هنتنجتون، من نحن ( المناظرة الكبرى حول أمريكا )، ترجمة أحمد مختار الجمال ، المركز القومي للترجمة، ، طبع الاولى ، 2009 .
- عبدالله عبدالدائم،التربية عبر التاريخ من العصور القديمة حتى أوائل القرن العشرين، دار اللعم للملايين، بيروت، لبنان، ط الخامس، 1984.
- فاروق عبده فليه و د.احمد عبد الفتاح الزكي، معجم مصطلحات التربية لفظا و اصطلاحا، دار الوفاء لدنيا الطباعة والنشر، الاسكندرية، مصر، 2004 .
- كمل منوفي، اصول النظم السياسة المقارنة، شركة الريهان للطبع والنشر، الكويت، 1987.
- هربرت سبنسر، التربية، ترجمة محمد السباعي،الناشر مؤسسة هنداوي، 2017 .

الثاني: البحوث الجامعية

- أسماء أحمد رمضان الشابودي، أهمية القيم التربوية في عمليات التنشئة الاجتماعية لأطفال ما قبل المدرسة بين الريف و الحضر، المجلة العلمية لكلية رياض الاطفال، جامعة المنصور، المجلد 5، العدد 3، 2019 .
- بن عائشة نبيلة، التنوع الثقافي و المواطنة، مجلة البحوث والدراسات العلمية، العدد (1)، المجلد (15)، الجزائير 2021.
- د.رانيا رمزي حليم و د. ايمان الشحات عبدالتواب، دور مؤسسات التنشئة الاجتماعية في التربية على المواطنة، مجلة كلية الاداب- جامعة بني سويف، العدد 67، 2023 .
- صلاح السيد عبده رمضان، العلاقة بين التربية والسياسة في ضوء التحولات المعاصرة( دراسة تحليلية في أليات التفعيل)، مجلة المعرفة التربوية، العدد5، 2015 .
- محمد منادي ادريسي، سؤال الهوية عند جون لوك: من الجدال اللاهوتي الى النقاش العلمي، مجلة تبين، العدد 34، 2020 .
- مرابط بد الحكيم، التعليم والتنشئة السياسية في العالمين والغربي، مجلة الابحاث القانونية والسياسية، العدد الثاني، 2020.

الثالث: اطروحة دكتورا

- عماد احمد مولود، سياسات ادراة التنوع " استجابة الدولة للهويات : دراسة مقارنة، أطروحة دكتورا، كلية العلوم السياسة في جامعة صلاح الدين، اربيل، 2019.

بەزمانی ئینگلیزی

- Fazilah Idr, …, the role of education in shaping youths national identity, article in procedia- social and behavioral sciences, (59)2012 .
- LEE BYUNG- JIN, Education and National Identity, policy Futures in Education, Volume,1, number2, 2003 .
- Lödén, H. Citizenship education, national identity and political trust: The case of Sweden. Nordidactica: Journal of Humanities and Social Science Education, 2014(2) .

سایتی ئەلیکترۆنی

- ڕێبوار سیوەیلی، شوناسی نەتەوەی کورد، ڕۆژی سەردانیکردن (2025|4|20) شوناسی نەتەوەیی کورد
- چواس حەسەن، چوارچێوەی یاسایی مافی پێکهاتەکان لە هەرێمی کوردستان، سەنتەری توێژینەوەی ڕوداو،2021 .
ڕۆژی سەردانیکردن ( 10|5|2025)
https://rudawrc.net/sorani/article/chwarchewey-yasayi-mafi-pekhatekan-le-heremi-kwrdstan-eraq
- سەباح ياسين، پەروەردە، سایتی ئاوێنە، ڕۆژی سەردان 2024/11/24
https://www.awene.com/article?no=12454&auther=1529
- موسوعة التفسير الموضوعي : https://modoee.com/books/text/309_20190626085042.html
- Ear, Celine, Educetion for National Identity: A quantitive research on the effect of education on feelings of national identity among the Japanese,Universiteit Leiden, The Netherland.
https://studenttheses.universiteitleiden.nl/access/item%3A3620520/view

# دور النظام التربوي في بناء الهوية الوطنية الكردستانية في اقليم كوردستان العراق بعد عام ٢٠٠٣



| |
|---|
| اڤان عارف عزيز |
| قسم النظم السياسة و السياسة العامة، كلية العلوم اليساسة، جامعة صلاح الدين- اربيل، اقليم كوردستان- العراق |
| avan.azeez@su.edu.krd |
| أ. م. د. أمين فرج شريف |
| قسم النظم السياسة و السياسة العامة، كلية العلوم اليساسة، جامعة صلاح الدين- اربيل، اقليم كوردستان- العراق |
| amin.sharif@su.edu.krd |




الملخص

التربية قضية مهمة تؤدي دورًا في بناء فرد واعٍ وواثق بنفسه. يُساهم النظام السياسي في أي دولة في نقل الفلسفة الاجتماعية والسياسية التي يتبناها عبر وسائل متعددة للفرد، وتُعد التربية أبرز تلك الوسائل. فالنظام التربوي لا يقتصر على نقل المعرفة والمعلومات إلى الطلاب فقط، بل يُساهم في تكوين شخصية الإنسان، وتعريفه بالقيم، وتنمية الحس الوطني وروح المواطنة لديه. تهدف هذه الدراسة إلى تسليط الضوء على العلاقة بين التربية والهوية الوطنية، إذ تُعد التربية الوسيلة الأوضح لتنشئة السياسية، وتساهم في بناء الهوية الوطنية، كما تُعد من أدوات بناء الأمة من خلال تأسيس هوية مشتركة وأهداف وقيم موحدة. وتشمل مقومات التربية، مثل المناهج الدراسية، والبيئة التعليمية، والمعلم والطالب، تأثيراً كبيراً في تشكيل الهوية الوطنية. تهدف هذه الدراسة الى الايجابة عن سؤال العلاقة بين النظام التربوي و الهوية الوطنية، و تعتمد الدراسة علي المنهج الوصفي-التحليلي، لتحليل هذه العلاقة.

في إقليم كوردستان، يلعب النظام التربوي دورًا مهمًا في التنشئة السياسية وبناء الهوية الوطنية من خلال التركيز على مفاهيم التسامح والتعايش، وذلك ياخذ بالعين اعتبار التعدد القومي والديني في المدارس والمناهج التعليمية. ويهدف النظام التربوي في الإقليم إلى بناء شعور مشترك وهوية موحدة قائمة على الانتماء الكوردستاني. ومع ذلك، فقد واجه هذا الهدف تحديات ذاتية وموضوعية، جعلته غير قادر على ترسيخ هوية قوية وموحدة بين مختلف المكونات القومية والدينية، وهو ما يُعزى جزئيًا إلى ضعف في بنية النظام التربوي نفسه. توصلت الدراسة إلى أن النظام التربوي في إقليم كردستان يعمل على بناء الهوية الوطنية على المستوى النظري، إلا أن تأثيره في الواقع يبدو محدودًا أو ضعيفًا .


الكلمات المفتاحية: التربية، النظام التربية، الهوية، الهوية الوطنية، اقليم كردستان

# The Role of Educational System in building Kurdistan national Identity in Kurdistan Region of Iraq after 2003



| |
|---|
| **Avan Arif Azeez** |
| **Department of Political systems and public Policy, College of Political Science, Salahaddin University- Erbil, Kurdistan Region, Iraq** |
| **Avan.azeez@su.edu.krd** |
| **Assist.prof.Dr.Amin Faraj Sharif** |
| **Department of Political systems and public Policy, College of Political Science, Salahaddin University- Erbil, Kurdistan Region, Iraq** |
| **amin.sharif@su.edu.krd** |

**ABSTRACT**

**Education is an important issue that plays a vital role in shaping a conscious and confident individual. The political system in any country builds its political socialization philosophy through various means, the most prominent of which is education. The education system is not merely about transferring knowledge and information to students; rather, it actively contributes to shaping individuals' personalities and acquainting them with values, national identity, and a sense of citizenship. This study aims to explore the relationship between education and national identity, as education is considered the clearest tool for upbringing political ideologies and plays a significant role in constructing national identity. It is also regarded as one of the primary pathways for nation-building through the creation of a shared identity, goals, and values. The components of education — including curricula, the learning environment, teachers, and students — have a strong influence on the formation of national identity. This study aims to answer the question of the relationship between the educational system and national identity. It adopts the descriptive- analytical method to analayze this relationship.**

**In the Kurdistan Region, the education system plays a key role in building political values and forming national identity by emphasizing the principles of tolerance and coexistence. This is achieved through the inclusion of ethnic and religious diversity in school environments and educational programs. The aim of the education system in the Kurdistan Region is to foster a shared sense of identity and unity based on belonging to Kurdistan. However, this goal has faced several internal and structural challenges that have hindered its ability to establish a strong, unified identity among the various national and religious components — a shortcoming that can, in part, be attributed to the limitations within the educational system itself. The study concludes that the educational system in the Kurdistan Region seeks to build national identity at the theoretical level, but its actual impact appears to be limited or minimal.**

**Keywords: Education, Educational system, Identity, national identity, Kurdistan Region**